دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە


ژمارە ٧٧٩، چوارشەممە ١٥ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی، ٥ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

www.kurdistanmedia.com

### پەیامی پیرۆزبایی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی «جێژنی قوربان»

بەبۆنەی جێژنی قوربانی پیرۆزەوە، پیرۆزبایی پێشکەش بە هەموو خەڵکی موسڵمان لە کوردستانی ئێران دەکەم،
بەتایبەت لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانییانی سیاسی.
هاونیشتمانییانی بەڕێز! هەرچەند لەم ڕۆژانی جێژنەدا، پەتای کۆرۆنا، بێداهاتی و بێکاری، نابەرپرسبوونی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەرانبەر خەڵکی ئێران بەگشتی و خەڵکی کورد بەتایبەتی لەلایەک و توندوتیژتربوونی فەزای ئەمنییەتی لەسەر خەڵکی تێکۆشەر و چالاکانی سیاسی و مەدەنی، ژیانێکی ئارام و جێژن و خۆشیی بۆ کەس نەهێشتووەتەوە، بەو حاڵەش وشیاریی خەڵک و پێداگرییان لەسەر داخوازە ڕەواکانیان نیشانەی بەچۆکدا نەهاتن لە بەرانبەر ئەو هەموو دژوارییانەیە و هیوابەخشی ڕۆژانی درەوشاوەیە لە داهاتوودا.
جێژنتان پیرۆز و هیواکانتان وەدی بێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لێپرسراوی گشتی
مستەفا هیجری
٩ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی



ڕاسانی ڕۆژهەڵات ٤



حیزبی دێموکرات زەڕاتخانەی ئینێرژیی خەباتگێڕانە ٦

ڕازی مانەوە و شوێندانەرییەتی بەردەوامی حیزبی دێموکرات ٨



دیمانەی کوردستان ١٠

# سامانی ئێران لە پێناو سووتاندنی کوردستاندا



ڕێکەوتی ١٣ی گەلاوێژ ماڵپەڕی کوردستان میدیا لە هەواڵێکی بەپەلەدا ئاشکرای کرد کە لە درێژەی جینایەت و دەستدرێژییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ سەر خاکی کوردستان، سپای تێرۆریستی پاسداران ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان تۆپباران دەکات.

لەو هەواڵەدا هاتبوو: ڕێکخراوی سپای تێرۆریستی پاسدارانی ڕێژیمی ئێران، کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ بە کاتی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هێرشی کردە سەر بنکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەتوندی ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان، بنکەکانی هێزی پێشمەرگە و شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵکی ئاسایی ئەم دەڤەرە تۆپباران دەکات.

ئەوەی ڕوونە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران چەندین ساڵە کە بە بێ لەبەرچاوگرتنی نیگەرانی و گوشار و گەمارۆ و سزای وڵاتانی جیهانی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سەر خۆی و شارۆمەندانی، مووشەکی جۆراوجۆری لە وڵاتانی وەک کۆریای باکوور و چین و ڕووسیە هاوردە کردووە یان بەهۆی ئەو تێکنۆلۆژییەوە کە بە سامانی خەڵکانی ئێران کڕیویەتی بەرهەمیان دێنێت و تاقییان دەکاتەوە. هەوڵێک کە بەتایبەت لە دوو دەیەی ڕابردوودا خێراییەکی زیاتری بەخۆوە گرتووە و لە هەمان کاتیشدا نیگەرانییەکی زۆری لای وڵاتانی جیهان و بەتایبەت لایەنگەلێکی وەک ئامریکا و ئیسڕاییل و عەرەبستان پێک هێناوە.

لە ئەنجامی هێرشی ئەم جارەی سپای پاسداران بۆ سەر شاخەکانی کوردستان بەداخەوە ڕێژەیەکی بەرچاو لە ڕەز و باخ و ژینگە و سرووشتی کوردستان سووتێنرا و لەنێو چوو؛ ئەم پەلامارەی ڕێژیم ئەگەرچی یەکەم جار نییە ئەنجام دەدرێ و پێشتریش کردار و هەوڵی لەو چەشنە لە گۆڕێدا بووە و بە دووریش نازانرێ کە لە داهاتووشدا هەوڵی ترسنۆکانەی لەو جۆرە بێتە ئاراوە بەڵام لە ناخی خۆیدا هەڵگری پەیامێکی گرینگە کە ئەویش بریتییە لە حەقانییەتی ویست و داوا و داخوازەکانی گەلی کورد کە چاوڕژدانی جەماران نەیانتوانیوە و ناتوانن بیبینن و دانی پێدا بنێن.

مووشەکباران و کاتیوشاباران و تۆپبارانکردنی شاخ و کوێستانەکانی کوردستان پێش لەوەیکە هێمای دەسەڵات و توانایی دەسەڵاتدارانی بیرتەسک بێت نیشانەی زەبوونی و دەستەوەستان و ترسی ئەوانە لە ئیرادەی گەلێک کە دەیهەوێ ئازاد بژی و ئاوەدانی بکاتە دیاری بۆ نەوەکانی دوای خۆی.

ماوەی زیاتر لە سێ ساڵە کە کوردستانی ڕۆژهەڵات پێی ناوەتە قۆناخێکی نوێ لە خەبات؛ قۆناخی ڕاسانەوە و جارێکی تر سەرهەڵبڕینەوە کە شار و شاخ پێکەوە و پشت ئەستوور بە یەک بچنە پێش. بارودۆخی زەمەنی، بارودۆخی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانی لەو کاتەدا و دوای ئەویش لە سێ ساڵی ڕابردوودا بوونەتە زەرورەت و پێویستییەک بۆ ڕاگەیاندن و دەست پێکردنی ئەو شێوە نوێیە لە خەبات لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، کە وایان کردووە مرۆڤ بێ دوودڵی درک بەوە بکات کە ئەو بڕیارە درووست، بەجێ و گونجاو بووە.

وەک چۆن دیتمان کە بە دەرچوونی ئەو بڕیارە، لە لایەن زۆربەی خەڵکی کوردستانەوە پێشوازی لێکرا و ڕۆژهەڵاتییەکان وەگەڕ کەوتن. هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە ڕێژیم ئەو بڕیارەی بە گرینگ وەرگرت و کەوتە هەڕەشە و گوڕەشە لە حیزبە کوردییەکان و ترس و پشێوی و هەناسە سواریی پێوە دیار بوو. ئاخوندەکان دوای ڕاگەیاندنی «ڕاسان» هەر دەسبەجێ و بە پەلە پەل بڕیاری «خنکاندن»!، لەناو بردن! یان هەر نەبێ کزکردنی ئەو لەمپەڕەیان دا و بۆ سەلماندنی سووربوونیشیان لە جێبەجێ کردنی بڕیارەکەیان، ترسنۆکانە کەوتنە جوڵە و لە ئەنجامدانی هیچ جینایەتێک بەرانبەر بە ئیرادەی ئەو حیزبە خۆیان نەپاراست کە دوایین نمونەشی مووشەکبارانی ١٣ی گەلاوێژە لە شاخ و کوێستانەکانی باشووری کوردستان کە وەک ئاماژەی پێکرا بەهۆیەوە خەڵکی مەدەنی و سڤیل و ژینگەی ناوچەکە زەرەرمەند بوو. کۆماری ئیسلامی بەهۆی هەڵەبیرکردنەوەی خۆیەوە پێی وایە کە پێشمەرگە و خەباتکاری کورد تەنیا لە شاخەکاندایە و بە تێنەگەیشتنی خۆی دەیهەوێ بەم پیلانە دزێوانە کورد و خەباتکارانی لە یەکتر دابڕێنێ! غافڵ لەوەی کە ڕۆحی شۆڕشگێڕی و بەرخودان و خەبات لە ناخی تاکی کورددا چ لە شار بێ یان لە شاخ بوونی هەیە و لەگەڵ یەکەم ساتەکانی هاتنەدنیاوە فێری دەبێت و بەرهەڵستبوونەوەی زوڵم و ستەم یەکەم وانەیە کە دایکانی کورد فێری ڕۆڵەکانیانی دەکەن.

ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە شاخ و کێوەکانی کوردستان دەیکات هەوڵێکە بۆ دامرکاندنی هەستە سادیسمی و بەردەوامیی کۆلۆنیالیسم و هیچی دیکە چونکە کورد لە بەڕووەکانی نیشتمانەوە فێر بووە کە قورس و قایم ڕەگ داکوتێ و بە ڕەشەبا و تۆفان و باهۆز نەچەمێ و بە ئاگر نەسووتێ و ئەگەریش سووتا هەڵ بداتەوە و شین ببێتەوە.

## پەیڤ

### ترسی ملهوڕان

**کەریم پەرویزی**

لەو دەمەیدا کە مەترسییەك بەرەوڕووی هەر تاکێك یان سیستمێك دەبێتەوە، شێوازی وەڵامدانەوەی بە مەترسییەکان و هەڕەشەکان، ناتوانێ لە خودی پێکهاتەی دەروونیی ئەو تاکە یان ئەو سیستمە بەدوور بێ. بەو مانایە کە ناکرێ هەڕەشەی ماددی یان نەخۆشییەك کە تێچووی ماددیی زۆری هەیە بەرۆکی مامۆستایەکی زانکۆ بگرێتەوە و کاردانەوەی ئەو مامۆستایە ئەوە بێ کە پەلاماری بانکێك بدا و پارەی لێ بڕفێنێ! هەر لە هەمان کاتدا ناکرێ هەمان مەترسی بەرۆکی چەتەیەك بگرێ و چاوەڕوانی ئەوەت هەبێ کە ئەو چەتەیە بڕواتە ئیدارەی کار و داوای کار بکا تاکوو پارەی نەخۆشییەکەی دابین بکا!

سیستمێکی کۆلۆنیالیستیش بەپێچەوانەی سیستمێکی خەڵکی لە کاتە قەیرانییەکاندا هەڵوێست دەگرێ و هەڵوێستی هەرکامەیان لە سیستم و پێکهاتەی دەروونییانەوە سەرچاوە دەگرێ. کاتێك کە سیستمێکی خەڵکی بەرەوڕووی قەیران و گرفت دەبێتەوە لە ڕێگا یاساییەکانیەوە هەوڵی چارەسەری دەدا و گەر هەر چارەسەر نەبوو پەنا دەبرێتەوە بەر دەنگی خەڵك تاکوو لە هەڵبژاردنی دیکەدا کەسانی دیکە و بەرنامەی دیکە پەسند بکەن.


لە سیستمێکی کۆلۆنیالیستیی وەکوو کۆماری ئیسلامیشدا بەردەوام وەکوو کۆڵۆنییەك چاو لە دەوروبەر دەکا و خۆی وەکوو کۆڵۆنییەکی دیکە دەبینێ.

لەلایەکەوە هەوڵ دەدا کە دووبارە ئاغایەکی دیکە بدۆزێتەوە و ببێ بە نۆکەری ئەو ئاغایە و پێی وایە کە هەموو جیهان لە سەر ئەساسی کۆڵۆنیبوون یان خاوەنی کۆڵۆنی بوون دەسووڕێتەوە و گەر ئاغا و کۆلۆنیالیستێکی وەکوو بریتانیای لە دەست داوە، دەبێ بڕوا چین بدۆزێتەوە تاکوو وەلیی فەقیە نۆکەرایەتیی ئاڵا سوورەکەی کۆمۆنیزمی چینی! بکا.

لە هەمان کرداری دوو جەمسەرانەشدا، کاتێك کە ئامریکا و ئیسراییل بەردەوام هێزەکانی سوپای پاسداران لە ناوچەکە دەکوژن و بۆردومان دەکەن و تەنانەت لە نێو تاران و لە بنکەی پارچین و نەتەنزیش لێی دەدەن، خۆ ئەم سیستمە کۆلۆنیالیستییە بەخۆیدا نایەتەوە و بڵێ من دەرەقەتی ئیسراییل نایەم، بەڵکوو چوونکە ئەساسی بیرکردنەوەکەی لەسەر خۆفشکردنەوە و ژێستی لەخۆڕایی دامەزراوە، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو

درێژە لە لاپەڕەی ٣

## پەیامی سەرەخۆشیی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی کۆچی دوایی «ئەحمەد ئیبراهیم»



«مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک «ئەحمەد ئیبراهیم» لە کوردانی قەزاقستان، پەیامێکی بڵاو کردەوە.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

برای بەڕێز پرۆفیسۆر «کنیاز ئیبراهیم»
بەڕێوەبەری یەکیەتیی کوردانی قەزاقستان «بەربانگ»

ئێمە بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی برای ئێوە «ئەحمەد ئیبراهیم» دڵگران و خەمگین بووین.

بەو بۆنەوە سەرخۆشی دەکەم لە بەڕێزت و هەموو کوردانی نیشتمانپەروەری قەزاقستان.

ڕۆحی خوالێخۆشبوو «ئەحمەد ئیبراهیم» شاد بێت و خۆتان سڵامەت.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**٣١ی پووشپەڕی ١٣٩٩ی هەتاوی**

## دووهەمین ژمارەی «ورە»، بڵاڤۆکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان چاپ و بڵاو کرایەوە

لە دووهەمین ژمارەی بڵاڤۆکی «ورە»دا بابەتی جۆراوجۆری پێشمەرگانە و بابەتی «شۆڕش و ئەرکی پێشمەرگانە» سەروتاری ناوەرۆکی ئەو بڵاڤۆکەیە.

لە بەشێکی سەروتارەکەدا هاتووە؛ ئەرکی پێشمەرگە ئاشناکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە بەو ئێش و ئازار و بێ مافی و بێدەرەتانیانەی کە ستەمکار بە سەریدا هێناون و لەم ڕاستایەشدا بە ئامادەبوونی لەسەر خاکی خۆی هۆشیاری دەدات بە خەڵک و بە کردەوەش لە مەیدانی کردەوەدا ئامادەی بەرگرییە لە مافەکانیان.



بڵاڤۆکی تایبەت بە ڕاسانی خاکی پۆشان، هاوکاتە لەگەڵ ٧٥ ساڵەی دامەزرانی ڕێکخراوەیەک کە دانەر و دامەزرێنەری ناوی پێشمەرگە و هێزی پێشمەرگەی کوردستانە.

ورەی ژمارە ٢، لە ٨٨ لاپەڕە پێکهاتووە و لە بابەتگەلێکی وەک: «داهاتووی شەڕ»، گرینگترین بنەماکان لە کردەوەی شەڕدا»، «شەڕی پارتیزانی وەک زانستێکی سەربازی»، «پێوەندیی نێونەتەوەیی و پێشمەرگە»، «ئەدەبیاتی بەرەنگاری» و «قەرارگای حەمزەی سپا لە کوردستان خەریکی چییە؟» پێکهاتووە.

کورتە ڕاپۆرتێکی وێنەیی کاروچالاکیی وەرزی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەروەها ئەنجامدانی دیمانە لەگەڵ دوو پێشمەرگەی چاڵەڕەشەکانی کۆماری دژیگەلی ئێران، هاوڕێیان «عوسمان مستەفاپوور» و «والی دروودی»، «ورە»ی زیاتر پێشمەرگانە کردووە.

ورە کاتنامەیەکی پێشمەرگانە ـ نیزامییە کە فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەرنووسەرییەتی و ئەرکی نووسین و پێداچوونەوەی زمانەوانی و گرافیستی لە ئەستۆی کۆمەڵێک پێشمەرگەی خۆنەویست و خۆشەویستە.

## ١٥ـەمین کۆنگرەی ڕێکخراوی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان بە بەشداریی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو

UNPO
UNREPRESENTED NATIONS & PEOPLES ORGANIZATION
unpo.org

لە ١٥ـەمین کۆنگرەی ڕێکخراوی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان (UNPO)، کە بە بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بەڕێوەچوو؛ لەسەر پێشنیاری هەیئەتی حیزبی دێموکرات، کۆنگرە بڕیارنامەیەکی تایبەت بە ڕەوشی نەتەوەکانی ئێران، بە تایبەت لە سەر کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، پەسەند کرد.

ڕۆژانی هەینی بۆ یەکشەممە، ڕێکەوتی ١٠ هەتا ١٢ی گەلاوێژ، ١٥هەمین کۆنگرەی ڕێکخراوی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان (UNPO)، بە بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، پێکهاتوو لە دوکتور «عەلی عەبدیلزادە»، جێگری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و «شنە ڕەزابی»، نوێنەری حیزب لە فنلاند، بەڕێوە چوو.

کۆنگرە بە ڕاپۆرتێکی کورتی «ڕالف بەنچ»، سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان، دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.

ناوبراو لە بەشێک لە وتەکانیدا ئاوڕدانەوەیەکی لە ڕەوشی مافی کەمەنەتەوەییەکان لەچەند ساڵی ڕابردوودا ، بەتایبەتی لە دوای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا دایەوە.

ناوبراو، ئاماژەی بەوە دا دوابەدوای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕەوشی کەمەنەتەوەییەکان لە سەرانسەری جیهان خراپتر بووە، بە جۆرێک کە ماف و ئازادییەکانیان زیاتر لە جاران پێشێل دەکرێن و لە ژێر هەڕەشە دان.

بەشێکی یەکەمی ڕۆژی یەکەمی کۆنگرە تەرخان کرابوو بۆ ناساندنی ئەندامانی نوێ لە ڕێکخراوی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان کە پێنج ئەندامی نوێ لە بەشە جیاجیاکانی جیهان بە ڕیزی ئەندامانی ڕێکخراوەکەوە، زیاد بوون.

بەشی کۆتایی ڕۆژی یەکەمی کۆنگرە پانێلێکی تایبەتی لەخۆ گرتبوو لەسەر ئەو گرفتانەی کە زیاتر بەرۆکیان بە نەتەوە بێ دەوڵەتەکان لەسەردەمی ڤایرۆسی کۆرۆنادا، گرتووە.

لەم بەشدا چەندین کەسایەتی ناودار و شارەزا باسیان لەسەر شوێنەوارەکانی ئەو ڕەوشەی کە ڤایرۆسی کۆرۆنا بەسەر جیهانیدا هێناوە، کرد.

لەم بەشەدا بەشێوەیەکی بەربڵاوتر و لە سۆنگەی جیاواز تیشک خرایە سەر ماف و ئازادییەکانی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان لە سەردەمی ڤایرۆسی کۆرۆندا.

کارەکانی ڕۆژی دووهەمی کۆنگرە لە چوارچێوەی کۆمیتەی کاری تایبەت بەڕێوەچوو.

هەیئەتی حیزبی دێموکرات چالاکانە لە کۆمیتەکانی کاردا بەشدارییان لە باسەکاندا کرد و چەند پرسی گرینگیان هێنایە بەرباس. لە بەشێک لە قسەکاندا هەیئەتی حیزب باسی لەوە کرد کە پێویستە هاوکاری و هاوئاهەنگی لەنێوان ئەندامانی ڕێکخراوی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان کە دەکەوتنە یەک هەرێمەوە بەمەستی گۆڕینەوەی بیروڕا و وەرگرتنی ئەزموون لە کار و خەباتی یەکتر، زیاتر پتەوتر و بەهێزتر بکرێت.

هاوکات لە چوارچێوەی کۆمیتەی تایبەت بە پرسی ژنان، هەیئەتی حیزبی دێموکرات باسی لەوە کرد کە خەبات بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانی ژیان، بەشێکی گرینگ و دانەبڕاوە لە خەباتی نەتەوایەتیی و خەبات بۆ وەدەستهێنانی مەفە دێموکراتیکەکان.

لە درێژەی باسەکەدا هەیئەتی حیزب، باسی لەوە کرد کە ژنانی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە چەندین باری جیاوازەوە ستەمیان لەسەرە و مافە بنەڕەتییەکانیان پێشێل کراوە. جیا لە ستەمی جنسی، ژنانی کورد هاوکات بەرەوڕووی ستەمی نەتەوەیی و چینایەتی دەبنەوە.

ڕۆژی کۆتایی کۆنگرەی ڕێکخراوی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان دووبەشی جیاوازی لەخۆ گرتبوو.

بەشی یەکەمی کۆنگرە تەرخان کرابوو بۆ باس و تاوتوێکردنی چەندین کەمپەینی جیاواز کە ڕێکخراوی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان کە لە ماوی دووساڵی ڕابردوودا بە شێوازی جۆراوجۆر بەڕێوەی بردوون.

بەشی کۆتایی کۆنگرە دیاری کرابوو بۆ باس و پەسەندکردنی بڕیارنامەکانی کۆنگرە.

لەسەر پێشنیار و ڕەشنووسێکی ئامادەکراوی هەیئەتی حیزبی دێموکرات، کۆنگرەی ڕێکخراوی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان بڕیارنامەیەکی تایبەت بە ڕەوشی نەتەوەکانی ئێران، بەتایبەتی لەسەر کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، پەسەند کرد.

لە بەشێک لەو بڕیارنامەیەدا هاتووە کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەلومەرجی سیاسی، پێشێلکاری مافی مرۆڤ و ئاسایش لە ئێران ، بە تایبەتی بۆ نەتەوە غەیرە فارسەکان لە ئێراندا زۆر نالەبار بووە.

بڕیارنامەکە بە تایبەتی ئاماژەی بەوەکردوە کە لە ساڵانی ڕابردوودا، ڕێژیمی ئێران هێزێکی نیزامی زۆری لە کوردستانی ئێران و ناوچە سنوورییەکان کۆکردووەتەوە و سیاسەتی میلیتاریزەکردنی کوردستان و هەرێمی نەتەوەکانی دیکە، زیادی کردووە.

لە درێژەی بڕیارنەمەکەدا هاتووە کە میلیتاریزەکردنی کوردستان، ئێعدام و چەوساندنەوە و هەڵاواردنی خەڵک ستراتیژی بنەڕەتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە بۆ بێدەنگکردنی گەلی کورد و نەتەوەکانی دیکە لە خەباتە ڕەواکەیان بۆ وەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسین، ئازادی، دێموکراسی و یەکسانی لەبواری زمان، فەرهەنگ و مافی سیاسی.

لە بەشی کۆتایی بڕیارنەمەکەدا، کە بە کۆی گشتیی دەنگی ئەندامانی بەشدار لە کۆنگرە پەسەند کرا، هاتووە کە کۆنگرەی ڕێکخراوی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان:

پشتیوانیی بەردەوامی خۆمان بۆ خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوای بەلووچستان، باشووری ئازەربایجان و ئەهواز دەردەبڕین بۆ گەیشتن بە مافی چارەنووس، دێموکراسی، ئازادی و مافی نەتەوایەتی.

نیگەرانیی خۆمان دەردەبڕین بەنیسبەت هەلومەرجی زیندانییانی سیاسی کورد و نەتەوەکانی تر کە بە شێوەی نادادپەروەرانە و لە دەرەوەی چوارچێوە یاساییەکان بە ئێعدام و زیندانی درێژماوە مەحکووم دەکرێن، هەروەها نیگەرانی خۆمان لە دەستبەسەرکردنی چالاکانی سیاسی، نووسەران، ڕۆژنامەوانان، چالاکانی کرێکاری و مافی مرۆڤ دەردەبڕین.

بە توندترین شێوە ڕێژیمی ئێران لە هەمبەر ئێعدامکردنی زیندانییانی سیاسی و چالاکانی مافی مرۆڤ، ڕۆژنامەوانان و زیندانیانی دیکە مەحکووم دەکەین.

داوا لە ڕێژیمی ئێران دەکەین کە هەر ئێستاوە هەموو ئێعدامەکان ڕابگرێ و پابەند بێت بە یاسا نێونەتەوەیەکان لە پێوەندی لەگەڵ هەڵسووکەوتکردن لەگەڵ زیندانیانی سیاسی.

داوا لە ڕێژیمی ئێران دەکەین کە میلیتاریزەکردنی کوردستان، بەلووچستان و هەرێمەکانی دیکەی نەتەوە بندەستەکان ڕابگرێت.

داوا لە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەین دەست لە کوشتنی کۆڵبەرانی کورد لە سنووری نێوان کوردستانی ڕۆژهەڵات و کوردستانی باشوور و کۆڵبەرانی بەلووچ، ڕاگرێت.

تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ڕکابەرە سیاسییەکانی خۆی لە نەتەوەکانی ئێران کردووەتە ئامانج، نەتەنیا لە ناوخۆی ئێران بەڵکوو ئەوانەش کە لە یەکیەتیی ئورووپادا دەژین، کردووەتە ئامانج، بە توندترین شێوە مەحکووم دەکەین.

داوا لە یەکیەتیی ئورووپا دەکەین کە هەوڵەکانی ئەندامانی ڕێک بخات بۆ ئەوەیکە باشتر خۆی بپارێزێت و بەرپەچدانەوەی هەبێت بەرامبەر بە تێرۆریزمی دوڵەتی کۆماری ئیسلامی لە ناو خاکی یەکیەتیی ئورووپا ئەنجام دەدرێن.

ڕۆژی یەکشەممە، ١٥هەمین کۆنگرەی ڕێکخراوی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێنا.

# ڕاگەیەندراوی
# ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
# سەبارەت بە پەلاماری تیرۆریستانەی
# سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی
# بۆ سەر ناوچە سنوورییەکانی رۆژهەلات وباشووری کوردستان

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

جەماوەری خۆشەویستی کوردستان، حیزب و رێکخراوە سیاسیەکان، کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان و داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ !

سەرلەبەیانیی ئەورۆ دووشەممە ١٣ی گەلاوێژ، جارێکی دیکە هێزە تیرۆریستیەکانی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ناوچە سنووریەکانی رۆژهەلاتی کوردستانی لە ناوچە شاخاویەکانی نێوان رۆژهەلات و باشووری کوردستان لە رێگای فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و هاویشتنی مووشەک و تۆپبارانەوە کردە ئامانج.

بە خۆشییەوە لەو پەلامارە کوێر و تیرۆریستانەی کۆماری ئیسلامی، هیچ زەرەرێکی گیانی وەبەر هێزی پێشمەرگە نەکەوت بەڵام ئەو کردەوە نامرۆڤانەی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی جارێکی دیکە بوو بە هۆی سووتانی سرووشتی ناوچەکە و ترس و دڵڕاوکێی خەڵکی دەڤەرەکە.

هێرشە یەک لە دوا یەکەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ناوچە سنوورییەکان لە کاتێکدایە کە خەڵکی ئێران و کوردستان بە هۆی ئەو قەیرانە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە دەسەڵاتدارانی رژیم بە سەر خەڵکیاندا سەپاندوە، لە بارودۆخێکی خراپ و تاقەتپڕووکێن ژیان بە سەر دەبەن و دەسەڵاتدارانی گەندەڵ و نابەرپرسی رێژیم، ئەو وڵاتە بەرەو چارەنووسێکی خراپ و هەڵدێر دەبەنە پێشێ.

کۆماری ئیسلامی لە باتی چارەسەر کردنی ئەو قەیرانانەی کە خودی خۆیان خولقاندوویانە، هەموو پارەوسامانی وڵات خەرجی کاری تێرۆریستانە و تێکدەرانەی سپای پاسداران و هێزە تیرۆریستیەکانی ناوچەکە دەکەن.

لە لایەکی دیکەوە سەرنجراکێش ئەوەیە، رۆژ نییە لە وڵاتانی ناوچە و تەنانەت لە تاران و شارە گەورەکانی ئێرانی بنکەیەکی ئەتومی و سەربازییان نەکرێتە ئامانج بەڵام هەر ئەم سپایە کە بە سەر خەڵکی ئێرانەوە بووەتە مۆتەکەی سەرکوت و نەهامەتی ناوێرن لەبەرانبەر ئەو هێرشانەدا چووکەترین لێدوانیش بدەن.

ئێمە جارێکی دیکە وێڕای شەرمەزارکردنی رژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران ، خەڵکی خۆمان دڵنیا دەکەینەوە کە تا گەیشتن بە مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان لە خەبات بەردەوام دەبین و کۆماری ئیسلامی و سپای تیرۆریستەکەی دەبێ بزانن کە بەو پەلامارانە ناتوانن پێش بە بزووتنەوەی سەرتاسەری و ئازادیخوازانەی کوردستان بگرن.

بە هیوای وەدی هاتنی خۆری ئازادی و نوقم بوونی هەرچی زووتری کۆماری ئیسلامی لە زەلکاوی جینایەتەکانی خۆیان.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٣ی گەلاوێژی ١٣٩٩**

# شاندێکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان سەردانی حیزبی دێموکراتی کرد




لە دیداری نێوان شاندەکانی «یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان» و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دوایین ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی پێوەندیدار تاوتوێ کرا.

ڕۆژی چوارشەممە ١ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی، هەیئەتێکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرپەرەستیی «ئەبوو زەید ساڵح»، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکیەتی، سەردانی نووسینگەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و لەلایەن هەیئەتێکی حیزبەوە بە سەرپەرەستیی «محەممەد نەزیف قادری»، جێگری دووەمی لێپرسراوی گشتی و بەرپرسی دەزگای پێوەندییە گشتییەکانی حیزبەوە پێشوازیی لێ کرا. لە سەرەتای ئەو دیدارەدا «قادری» وێڕای بەخێرهاتنی شاندی میوان و سپاس و پێزانین بۆ هاوکاری و کارئاسانییەکانی ئیدارات و بەرپرسانی حیزبی و حکوومەتیی یەکیەتی لەگەڵ ئەندامانی حیزب لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی کۆرۆنا، جەختی لەسەر پێویستیی هاوئاهەنگیی بە کردەوەی زیاتر و ڕاگۆڕینەوەی بەردەوام لەنێوان هەردوو لادا بۆ بەرەنگاربوونەوەی دۆخە نەخوازراوەکان کردەوە.


«قادری» لە قسەکانیدا وێڕای ئاماژە بە کۆمەڵێک بابەتی پێوەندیدار بە بارودۆخی هەستیاری هەنووکەی ناوچەکە و دەستێوەردانە دەرەکییەکان لە کاروباری نێوخۆی هەرێمی کوردستاندا ئاماژەی بەوە کرد کە لە هەلومەرجی ئێستادا پێویستە وەک هەمیشە ڕۆحی هاوکاری و یەکیەتیی نەتەوەیی باڵ بەسەر پێوەندییەکانی نێوانی هەموو لایەنەکانی باشووری کوردستاندا بکێشێت و کاری هاوبەشی زیاتر بکرێت بۆ دەربازبوون لەو کێشە و قەیرانە نێوخۆیی و دەرەکییانە کە هەڕەشە لە ئەمنییەت و یەکڕیزیی نیشتمانیی کورد و هەرێمی کوردستان دەکات.

جێگری دووەمی لێپرسراوی گشتیی حیزب هەروەها لە درێژەدا باسێکی تێروتەسەلی لەسەر بارودۆخی نێوخۆیی ئێران و قەیرانی قووڵی نێوخۆیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەموو بوارەکاندا و بارودۆخی نەتەوە ستەملێکراوەکان و نارەزایەتیی بەربڵاوی خەڵک لە سیاسەتەکانی ڕێژیم و هەروەها بارودۆخی خەڵک و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش کرد. لەو پێوەندییەدا بەڕێزیان ئاماژەی بە هەوڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ پێکهێنانی هاوکاری و هاوخەباتیی بەکردەوە لەنێو لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و هەروەها لایەنە کوردستانییەکان لە بەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا کرد.

پاشان «ئەبوو زەید ساڵح» وێڕای ئاماژە بە پێوەندیی مێژوویی نێوان هەر دوو لا و ڕۆڵی دوکتور قاسملوو و مام جەلال لە دانانی بەردی بناغەی ئەو پێوەندییەدا، پێداگریی لەسەر پێویستیی درێژەدانی ئەو پێوەندی و دۆستایەتییە کردەوە و هاوئاهەنگیی نێوان حیزبی دێموکرات و یەکیەتیی نیشتمانیی بە فاکتەرێکی گرینگ بۆ پەرەپێدان و پاراستنی یەکڕیزیی نەتەوەیی لە ئاستی هەموو کوردستاندا زانی. بەڕێزیان هەروەها بە ئاماژەکردن بە بارودۆخی نێوخۆیی عێراق و هەرێمی کوردستان و هەڕەشە و دەستێوەردانە دەرەکییەکان بەتایبەتی لەلایەن ئێران و تورکیەوە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەسەڵات و ئەزموونی ئێستای هەرێم موڵکی هەموو نەتەوەی کوردە و هەموو لایەنە سیاسییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش لەو هەرێمەدا مافی خاوەندارێتییان هەیە.

لە کۆتاییدا هەر دوو لایەن وێڕای بە ئەرێنی هەڵسەنگاندنی دیدار و چاوپێکەوتنەکانی لەو چەشنە، پێداگرییان لەسەر هاوکاری و هاوئاهەنگیی هەرچی زیاتری نێوانیان بۆ بەرەوڕووبوونەوەی هەڕەشەکان و یەکخستنی زیاتری نێو ماڵی کورد کردەوە.

# کوردستان ڕێز لە ٧٥ گەلاوێژ دەگرێت



ساڵانە لە شار و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و ئێران خەڵکی کوردستان لە بەرەبەری ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی خۆشەویستی خۆیان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە شێوەی جۆراوجۆر ڕێز لەم ڕۆژە مێژووییە دەگرن. ئەمساڵیش بەبۆنەی هەڵکردنی ٧٥ەمین مۆمی تەمەنی لە چەندین شار و ناوچەی کوردستان و ئێران و بەشکۆیەکی هەرچی زیاترەوە خەڵک بەرەوپیری ٢٥ی گەلاویژ چوون:

**تاران:**
لە تاران بەبۆنەی ٧٥ـەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چوو. لایەنگرانی تێکۆشەری حیزبی دێموکرات لە تاران، ڕۆژی دووشەممە ٦ی گەلاوێژ بە بڵاوکردنەوەی وێنە و دروشمی حیزبی و یوبیلی ئەڵماسیی حیزبی دێموکرات، لە شەقام و گەڕەکەکانی «دەوڵەت»ـی تاران، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

**پیرانشار:**
ڕۆژی یەکشەممە ٥ی گەلاوێژ، ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە «پیرانشار» لە چالاکییەکی تەبلیغیدا ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان لەسەر تاڤگەی «کانی لۆسە» هەڵ کرد. ئەو شوێنەی کە بە دەستی ئەندامانی دەروەستی حیزب ئاڵای کوردستان هەڵ کرا، شوێنێکی هەڵدێر و ئەستەم و بەرانبەر بە بنکەیەکی سپای تێرۆریستی پاسداران بووە. فەرماندەی ئەو بنکەیەی سپای تێرۆریستی پاسداران پێشتر لە دەستی بەکرێگیراوێکی ڕێژیم بەناوی «حاسڵ ئەحمەدی»ـدا بووە.

ڕۆژی هەینی ١٠ی گەلاویژ، ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە «پیرانشار» بە نووسینی دروشم یادی دامەزرانی حیزبیان بەرز نرخاند. ئەندامانی حیزب لەو چالاکییەدا بە نووسینی دروشمی «پیرۆز بێت ٢٥ی گەلاوێژ»، یادی شکۆداری ٧٥ ساڵ خەباتی حیزبەکەیان بەرز نرخاند. ئەو چالاکییە لە سێڕێیانی بەناوی «کانی سێو» ئەنجام دراوە. هەروەها ڕۆڵەکانی دێموکرات لە سەیرانگای «پردانان» لە پیرانشار ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان کێشاوەتەوە. پێشتریش لە ٣١ی پووشپەڕ ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی «لاجان»ـی پیرانشار بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی، وەفاداریی خۆیان بە ڕێبازی حیزبەکەیان دووپات کردەوە.قارەمانانی دێموکرات لەو چالاکییەدا ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان بە شێوەیەکی گەورە کێشاوەتەوە و ئەو کارە بووەتە هۆی دڵخۆشیی خەڵکی ناوچەکە. هەروەها تێکۆشەرانی ماندوونەناسی دێموکرات لەو چالاکییەدا بە نووسینی دروشمگەلی: «بژی حیزبی دێموکرات»، «ڕاسان تا لووتکە بەردەوامە» و «سەرکەوێ ڕاسان»، سەرلەنوێ ئەمەگناسیی خۆیان بە ڕێبازی حیزبەکەیان نیشان دا.

**قووچان:**
تێکۆشەردانی دێموکرات لە قوچان لە شەقامی گشتی و لەسەر دیواری قوتابخانەی «ئەبوزەر» ئاڵای «کوردستان»ـیان کێشاوەتەوە. هەروەها لەو چالاکییەدا دروشمی «ڕێگای قاسملوو درێژەی هەیە و بژی حیزب دێموکرات» نووسراوە.

**بۆکان، مەهاباد، جاددەی سەردەشت:**
ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات، لە بۆکان، مەهاباد و جادەی سەردەشت، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد. قارەمانانی دێموکرات لەو چالاکییەدا بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پوستێری تایبەت بەو ڕۆژە، دامەزراندنی یەکەمین حیزبی مۆدێڕنی کوردستانیان بەرز ڕاگرت. ئەو شوێنانە کە چالاکیی بەرینی تەبلیغیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: «گوندەکانی گەورکایەتیی بۆکان، شاری مەهاباد، گوندەکانی سارده کوێستان، تابلۆی پیربادین و کوێر کانی، گڵۆڵانی سەروو و خواروو، کاولان، خوڕخوڕە، زیراندۆڵ، زاوکێو، سڵامەت و قروچای». زۆربەی ئەو گوند و ناوچانە مۆڵگەی سپای تێرۆریستی پاسدارانی تێدایە و لەم ڕۆژانەدا بە هێزی جاش و بەکرێگراو تەندراوە.

## درێژەی پەیف

سووکایەتییە نیزامییانەی پێی دەکرێ دەبێ کارێك بکا و ناتوانێ شەڕی ڕاستەوخۆش لەگەڵ ئامریکا یان ئیسرایيل بکا!

لەم حاڵەتەدا بۆ قەرەبووکردنەوەی سووکایەتی پێکرانەکەی و ڕووشانی ئابڕوویەك کە نیەتی، هێرش دەکاتە سەر کەسانی لاواز و کەم هێز و دەیهەوێ قەرەبووی شکستی دەروونیی خۆی بە دەس بەرزکردنەوە لە بێهێز و بندەستەکان بکاتەوە یان تۆڵە لەوانە بکاتەوە کە ساڵانێکە داخیانی لەدڵدایە.

ڕۆژی ١٣ی گەلاوێژ، چەند ڕۆژ دوای هەموو تەقینەوە و وێرانکارییەکان لە بنکە و پادگانەکانی سوپای پاسداران لە چەند شوێنی ئێران، سوپای پاسداران بە مووشەك و تۆپ و کاتیووشا دووبارە شاخەکانی کوردستانی دایە بەر ئاگری ڕق و کین و زیانێکی زۆری بە سروشت و داهاتی کوردستان و خەڵکی دەڤەرەکە گەیاند.

سیستمێکی کۆلۆنیالیستیی وەکوو دەسەڵاتی نیشتەجێ لە تاران، لە ڕقی دەروونیدا و بۆ شاردنەوەی شکستەکانی و داپۆشینی ترس و دڵەڕاوکێی لەڕادەبەدەر لە نەمان و داتەپینی سیستمەکەی، چەند مووشەك و تۆپێك بە کوردستانەوە دەنێ؛ بەڵام تەنیا و تەنیا دەیسەلمێنێ کە ئەم سیستمە وێرانبووە چیدی هیچ دەرەتانێکی بۆ مانەوە نەماوە و هەموو هەرا و هاوارەکانی بۆ ئەوەیە کە لە تەنیاییدا گیری کردووە و دەیهەوێ گوێی لە زایەڵەی هەرای خۆی بێتەوە!

# ڕاسانی ڕۆژهەڵات

## قۆناغێکی پڕ سەروەری لە مێژووی ٧٥ ساڵەی حیزبی دێموکراتدا

مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران



بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە کوردستان وەک وڵاتێکی دابەشکراو، پرۆسەیەکی بەردەوام و مێژوویەکی پڕ لە هەوراز و نشێوی بڕیوە. بە درێژایی ئەم مێژووە، لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان، ئەو حیزب و لایەنانەی کە نوێنەرایەتیی ئەم بزووتنەوەیان کردووە، لەژێر کاریگەریی کۆمەڵێک هۆکاری جیاوازی ناوخۆیی و ناوچەیی و دەرەکی، ڕێڕەوی خەبات و تێکۆشانی خۆیانیان دیاری کردووە. ئەمە بەو مانایەیە کە ژینگەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی دەسەڵات و حکوومەتەکان لە ناوەندی وڵاتانیش فاکتەری شوێندانەر لەسەر بزووتنەوەکە بوون.

کۆی ئەم فاکتەرانە، لەگەڵ ئەوەی پێکهێنەری دەرفەت و هەڕەشە بوونە، بەڵام هاوکات دینامیزمی گۆڕانکاری و بەردەوامی و زیندوو ڕاگرتنی بزووتنەوەکەش بوونە. سروشتییە کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان بەدەر لەم هاوکێشانە نەبووە.

لە کاتێکدا بەرەو ساڵیادی دامەزرانی حیزبی دێموکرات دەچین، پێویستە مێژووی ٧٥ ساڵەی ئەم حیزبە بە گوێرەی قۆناغەکانی خەبات و هەلومەرجی سەردەم، لە بەستێنی مێژوویی خۆیدا شیتەڵ بکرێت و بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە و وردبینانە، لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی تایبەتیی لەسەر بکرێت.

ئەوەی لەم وتارە مەبەستمە ئاماژەی پێ بکەم، قۆناغێکی نوێیە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی- دێموکراتیکی ڕۆژهەڵات کە بە «ڕاسان» دەناسرێتەوە. ئەم قۆناغە کە لە بەستێنی نوێ و لە دەقی گۆڕانکارییەکان هاتە کایەوە، هاوکات بووە لەگەڵ گۆڕانکاری لە ئاستی پێکهاتەی حیزبی و ڕێکخراوەیی و هەروەها خوێندنەوەی نوێ بۆ چەمکەکانی ناوەند، ڕۆژهەڵات، چەمکی شار، چەمکی شاخ، چەمکی سەرمایەی شۆڕشگێڕانە و دواجار خستنە بەر باسی پرۆژە و گوتارێکی نوێ کە ڕوانگە و هێزی لایەنەکانی بەشدار لە بزووتنەوەی کوردستان بە هەموو جیاوازییەکان، لێک نزیک بکاتەوە بۆ ئەوەی چەمکێکی دیکەمان وێنا کردبێت کە هەمان ڕۆژهەڵاتێکی بەهێزە.

«ڕاسانی ڕۆژهەڵات» کە بە پەیامی نەورۆزیی ساڵی ١٣٩٥ی سکرتێری گشتیی حیزب لە چیاکانی سەرسنوور ڕوو لە ڕۆژهەڵات ڕاگەیەندرا، هەڵگری ئەم پەیامە بوو کە:

دەنگ و تواناکانمان لە شاخ و شاردا ڕێک بخەین بۆ پێکهێنانی هێزێکی پتەوی چارەنووسساز کە ژیانێکی نوێمان بۆ بنووسێتەوە، ژیانێکی دوور لە ملکەچی و بێ مافی.

ناوەڕۆکی ئەو پەیامە هەستانەوە و وەسەریەک خستنی هێز و توانا و سەرمایەی شۆڕشگێڕانەیە بۆ تەیارکردنی ڕۆژهەڵات و چوونە نێو کایە و هاوکێشە سیاسییەکانی دوارۆژ. هێزی پاڵنەر بۆ دەستپێکی ئەم قۆناغەش، ئامادەبوونی هێزی پێشمەرگە لەنێو خەڵک و خاکی خۆیدا بوو. ئەم خوێندنەوەیە بۆ ڕاسان، بە دروشمی لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخ، دواتر لە کۆنگرەی ١٦ی حیزب وەک گەلاڵەی گۆڕانکاری پەسەند کرا.

### ڕاسان،
### هەنگاوێک بۆ دەرباز بوون لە قەیران

وەک بەرایی بۆ ڕوونکردنەوەی پێویستیی گۆڕینی ڕوانین و شێوازی خەبات و چوونە نێو قۆناغی ڕاسان، پێویستە ئاوڕێک لە دۆخی حیزب لە پێش لەم گۆڕانکارییانە بدرێتەوە.

وەک وەفا و ئەمەگناسییەک بەرانبەر بە بزووتنەوەی چەکداریی ساڵەکانی ٤٦-٤٧، وێڕای دانەواندنی سەری ڕێز و درووود بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدان، بەراوردی ئەم ڕاپەڕینە چەکدارییە لەگەڵ قۆناغی ڕاسان بە پێویست دەزانم. بەدەر لە خاڵە جیاوازەکانی ئەم دوو قۆناغە، پێوستە ئاماژە بە خاڵە هاوبەشەکانیان بدرێت.

بزووتنەوەی چەکداریی ٤٦-٤٧ کە ڕەهەندی تەشکیلاتی، سیاسی و چەکداریی هەبوو، لە ڕاستیدا هەوڵێک بوو بۆ دەربازبوون لە بنبەست کە لەو سەردەمەدا تەنگی بە حیزب هەڵچنیبوو. لە ڕوانگەیەکی گشتیدا دەکرێت هەر دوو قۆناغ بە ڕاسانەوە لە قەڵەم بدەین، وێڕای ئەوەی کە خاڵی هاوبەشی هەر دوو قۆناغەکە، بڕیارێکی شۆڕشگێڕانە بوو بۆ دەرباز بوون لە قەیران. خاڵێکی دیکەی هاوبەشیان «جووڵە» بوو، بەڵام سەرەتا وەجووڵە کەوتنی حیزب و دواتر وەجووڵە خستنی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات، بەڵام بۆ قەیران؟

دوای چڕبوونەوەی هێرشی پەیتاپەیتای کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەکانی حیزب و پاشەکشێ لە شاخ و جێگربوونی لە باشووری کوردستان (١٣٧٢-١٣٧٥)، چالاکیی هێزی پێشمەرگە کەم بووەوە و دواتریش بە هۆکاری هەڕەشە و مەترسییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئەزموونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، چالاکی و حوزووری ئەم هێزە لە دیوی ڕۆژهەڵات بۆ ماوەی نزیک بە دوو دەیە ڕاگیرا.

لە ماوەی ئەو دوو دەیەیەدا، ئامادەنەبوونی پێشمەرگە لەسەر خاکی ڕۆژهەڵات، بۆشاییەکی ئەوتۆی پێک هێنابوو کە سەرباری کار و چالاکیی تەشکیلاتی و ڕاگەیاندن و دیپلۆماسی، بەتاڵییەکەی پڕ نەدەبووەوە. ئەم بۆشاییە وای کردبوو کە بەهۆی پلان و پیلانی بەردەوامی ڕێژیم و بانگەشەی نەمانی حیزبی دێموکرات، سەرنج و پرسیاری جیددی لە نێوخۆ و دەرەوەی ڕۆژهەڵاتیش لەسەر ئەم دۆخەی حیزب دروست ببوو.

درێژەدا بوونی ئەو دۆخە خۆی یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی جیابوونەوە و دابەش بوونەکان لەنێو حیزبەکان و یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەست پێ بکات. ئەنجامی لێکدابڕان و جیابوونەوەکان بوو بەوەی کە لایەنەکان هێز و وزەی زۆر لە دژی یەکتر ئاراستە بکەن. لێرەوە بوو کە گوتاری ڕەقیب و تەنانەت دژ، لەنێو حیزبەکان سەری هەڵدا و ئەمەش دڕدۆنگی و بێ هیوایی لای ئەندامان و لایەنگران و تەنانەت خەڵکی ڕۆژهەڵات دروست کردبوو. چاوەڕوانیی ڕۆژهەڵات لە حیزبەکان و سیاسەتی چاوەڕوانیی خودی حیزبەکانیش، کەشێکی ئەوتۆی پێک هێنابوو کە نیشانەی پرسیار لەسەر بەردەوام بوونی خەباتی ئەم حیزبانە دانرابوو.

شوێندانەریی نەرێنیی دۆخی ئاماژەپێدراو، تەنیا لەسەر کورد لە ڕۆژهەڵات نەبوو. سیاسەتی چاوەڕوانی و بێ جووڵەیی هێزی پێشمەرگە، کەم تا زۆر باڵی بەسەر ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبیشدا کێشابوو. لەم ماوەیەدا بەشێکی بەرچاو لە پێشمەرگە و تەنانەت کادرە بە ئەزموونەکانی حیزب ڕیزەکانی پێشمەرگایەتییان بەجێ هێشت و زۆربەیان ڕوویان لە هەندەران کرد، ئەم دیاردەیەش بە نۆرەی خۆی بێ هیوایی لەنێو ڕۆژهەڵات زیاتر دەکرد و ئەو نیگەرانییەی دروست کرد کە لەوانەیە جێگای ئەو کەسانە پڕ نەبێتەوە.

بەم چەشنە ڕەوتی کزی و لاوازیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی دەسەند و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی زیاتر بێ هیوا دەکرد. ئەمەش دەرفەتێکی گونجاو بوو بۆ ئەوەی ڕێژیم دۆخەکە بە قازانجی خۆی بقۆزێتەوە و بتوانێت لەنێو توێژی کەم ئاگای کۆمەڵگا، ژمارەیەکی بەرچاو لە گەنجەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و لە ڕیزەکانی بەسیج و بەکرێگیراواندا دژ بە کۆمەڵگا و حیزبەکانی چەکداریان بکات، یان لە باشترین حاڵەتدا بێ لایەنیان بکات. بەشێک لە ئەرکی ئەم چەکدارانەش بریتی بوون لە: «زەخت خستنە سەر بنەماڵەی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبەکان، کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەو کەسانە و دانەوەیان بە ناوەندەکانی سەرکوت و داپڵۆسینی وەک ئیتلاعات و سپا و... هتد».

لەلایەکی دیکەوە، لە ئەنجامی ئەو بۆشاییەدا، بەشێک لە توێژی خوێندەواری کۆمەڵگاش ئاگاهانە یان نائاگاهانە کەوتنە بازنەی گوتاری ڕیفۆرمیستی و بوون بە بڵیندگۆی ئەو ڕەوتە. ئەم توێژە ئەو بۆچوونەیان تیۆریزە و کردەیی دەکردەوە کە تەنیا ڕێگای گەیشتن بە ماف و ئازادییەکان، ڕیفۆرم و چاکسازییە لە چوارچێوەی یاسا و ڕێساکانی کۆماری ئیسلامیدا، بۆیەش پەیوەست بوون بە ڕیزەکانی ڕیفۆرمخوازی کە دیارە تێچووی کەمتر و بگرە ئیمتیازی زۆری هەبوو بۆیان. بەم شێوەیە ڕەوتی ڕیفۆرمخوازیش لانیکەم بۆ ماوەیەک شوێندانەریی خۆی هەبوو لە پشتکردنی بەشێک لە خەڵکی ڕۆژهەڵات لە خەباتی ڕاستەقینە و شوێندانەر لە دژی ڕێژیم. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەو ڕاستییەش بکەم کە هەر لەو ساڵانەدا، دۆخی لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی زۆر لە دۆخی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات خراپتر بوو کە لێرەدا مژاری باسی ئێمە نییە. لەم هەلومەرجە نالەبار و نەخوازراوەدا، ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات لەسەر دووڕیانێکی دژواردا بوو. ڕێگایەک سیاسەتی چاوەڕوانی و دواجار توانەوەی حیزب و دابڕانی زیاتری تەشکیلاتی و هەڵوەرینی هێزەکانی بوو کە ئاوات و پلانی هەمیشەیی دوژمن بووە؛ ڕێگای دووەم، ڕێگای سەروەری و وەگەڕخستنەوەی هێز و توانای ڕۆژهەڵات و پتەوکردنی ڕیزی تێکۆشەرانی خەبات بوو لە پێناو بەردەوامیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە. هەڵبژاردنی هەر کام لەم دوو ڕێگایە کەم و زۆر تێچووی خۆی هەبوو، بەڵام ڕێبەرایەتیی حیزب بە پشت بەستن بە ئیرادەی کادر و پێشمەرگە و ئەندامان لە نێوخۆ و دەرەوە و سەرباری لێکدانەوەی ئەگەری تیچووی گیانی و ماڵی و کۆمەڵێک گرفتی دیکە، ڕێگای دووەمی هەڵبژارد کە «ڕاسانی ڕۆژهەڵات» بوو. با ئەوەش بۆ مێژوو بڵێم کە حوزووری پێشمەرگە لەسەر خاکی کوردستان، ویستی سەرەکیی خەڵکی ڕۆژهەڵات بوو.

ڕاسان لەو هەلومەرجەدا کە حیزب تێی کەوتبوو و بە لەبەرچاوگرتنی هەڵکەوتەی جوغرافیایی حیزب لە باشووری کوردستان ئەرکێکی زۆر گران بوو، بەو حاڵەشەوە: «چالاکی و هەست بە بەرپرسیاریەتی کردنی ئەندامانی حیزب و وەفا و ئەمەگناسییان لەم ڕۆژە سەختانەدا بۆ سەربەرز ڕاگرتنی حیزبەکەیان، کردارێکی شۆڕشگێڕانە و مێژوویی بوو. ئەم ئەندامانە لە پێدان و گەیاندنی یارمەتیی دارایی بە حیزب، بەشداری لە کاری پێشمەرگایەتی، پاراستنی بنکە و بارەگاکانی حیزب و بەگشتی هەموو ئەو کاروبارانەی کە لەم ڕۆژانەدا بۆ حیزب پێویست بوون، بە دڵفراوانی و شانازییەوە ئامادەی هاوکاری و بەشداری کردن بوون.

بەڵام بۆ دەستپێکی ڕاسان پێویست بوو کە دوای نزیک بە بیست ساڵ دوورمانەوەی هێزی پێشمەرگەی حیزب لە شاخ و نیشتەجێ بوونیان لە کەمپەکان لە قووڵایی باشووری کوردستان، جارێکی تر ئەو هێزە لە شاخەکانی سەر سنووری ڕۆژهەڵات جێگیر بێتەوە، ئەو شوێنانەش لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستاندا بوو و هەروا بە ئاسانی ڕێگەی بە جێگیر بوونی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات نەدەدا، بەڵام ئەم ئامانجە دەبوایە هاتبایە دی، بۆیە ئەو بڕیارە گرینگە درا، هێزەکانی

درێژە لە لاپەڕەی ٥



## درێژەی لاپەڕەی ٤

حیزب بەرەو شوێنی دیاریکراو جووڵەیان کرد و هەر وەک چاوەڕوان دەکرا لەسەر سنوور لەلایەن هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە ڕێگەیان لێ گیرا و لە ئاکامدا تێکهەڵچوون لە نێوان هەردوو هێزدا ڕوویدا و بە شەهید بوونی پێشمەرگەیەکی حیزب بە ناوی «قادر کەریمی» لە ڕۆژی ٣ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٩٤ی کۆچی هەتاوی، بە زەحمەتێکی زۆر، ئیرادەی حیزبی دێموکرات سەرکەوت و هێزەکانی حیزب لە شوێنەکانی مەبەست جێگیر بوون. شەهید «قادر کەریمی» لە ڕاستیدا یەکەم شەهیدی قۆناغی ڕاسان بوو کە گیانی خۆی لەو پێناوەدا بەخت کرد.

ڕاسان وەک دروشم بریتییە لە لێکگرێدانەوەی خەباتی شار و شاخ. لە جەوهەریشدا تێپەڕین لە هەلومەرجی چاوەڕوانی بەرەو دۆخێکی نوێیە کە تێیدا زیاترین هێز و سەرمایەی شۆڕشگێڕانە بۆ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات پاشەکەوت بکات. ڕاسان لە ڕاستیدا بریتییە لە گۆڕینی شێوازی ڕێکخستن و هەڵسووڕانی سیاسی و تەشکیلاتی و چەکداری، بە چەشنێک کە زیاترین پوتانسییەلی شۆڕشگێڕانە و توانستی سیاسی، لە جەستەی فیزیکیی حیزب و لە مێشکی بیرکەرەوە و دیسکۆرسخولقێنی تەشکیلاتدا پاشەکەوت بکات هەتا لە کاتوساتی پێویستدا، ئەو پوتانسییەلە ببێت بە جووڵە و دینامیزمی خەباتێکی بەربڵاوی جەماوەری. ئەگەر ئاوا چاو لە ڕاسان بکەین، گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ نێو خەڵک و دەستپێکردنەوەی بەرخۆدانی چەکداریش دێتە نێو پێناسەی ڕاسان، بەڵام پرۆژەی بەربڵاوی ڕاسان تەنیا لە چەند ئۆپەراسیۆنێکی چەکدارانە و چەند جەولەیەکی هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆی کوردستاندا بەرتەسک نابێتەوە. لەم پێناسەیەدا حیزب و کۆمەڵگا پێوەندییەکی دوولایەنەیان پێکەوە هەیە. واتە حیزب لەلایەکەوە وزە دەبەخشێت بە کۆمەڵگا و لەلایەکی دیکەوە وزەی لێ وەردەگرێت و لەم ڕێگایەوە بە باشترین شێوە سەرمایە هەمەچەشنەکان دەبن بە سەرمایەی شۆڕشگێڕانە. ئەو دوو قۆناغە لە ڕاستیدا تێک تەنراون.

### ڕاسان، ئامادەیی شار و شاخ

بەر لەوەی کە ڕەهەندە سەرەکییەکانی ڕاسان وەبیربێنینەوە، پێویستە بە کورتی ئاماژەیەک بە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریی ڕۆژهەڵات بکەین کە لە ڕاستیدا بەستێنێکی نوێیە کە دەشێ خوێندنەوەی نوێی بۆ بکرێت. لە ڕوانینێکی گشتیدا، لە ماوەی ئەو بیست ساڵەدا، ژینگەی کۆمەڵگای کوردستان گۆڕانکارییەکی بەرین و قووڵی بەخۆوە بینیوە و سەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووریی کۆمەڵگا و تاکەکانی ڕۆژهەڵاتی تەنیوەتەوە. مەسەلەی شارنشینی، گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و بەرینتر بوونەوەی چینی مامناوەند، خوێندنی باڵا، سۆشیال میدیا، زانیاری و شێوە ڕوانین و خوێندنەوەی تاکەکان بۆ پرسەکانی خۆیان، خۆڕاگریی مەدەنی، وشیاریی نەتەوەیی، نوێ بوونەوە و جیاوازی و گۆڕانی نەسڵی و ئاشنا بوونی ئەم جیلە نوێیە بە مافەکانیان و خۆزیای ژیانێکی ئازاد و سەربەستانە... کۆی ئەو فاکتەرانەن کە ئاماژەکانی ڕۆژهەڵاتێکی نوێن.

لە خەباتی شاخ و شاردا، شاخ ناوی «دۆخ»ێکە کە هێزی پاڵنەر و بزوێنەری خەبات و ڕاپەڕینە. شاریش ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک دەرفەت، پوتانسییەل، وزە و سەرمایەی هزری و مرۆیی؛ بە ڕوانینێکی تر، شار هەموو ئەو دەرەتانە مەدەنییانەن کە بەهۆی خەڵکی سیڤیلەوە ـ چ خەڵکی شار بن و چ خەڵکی دێ ـ چالاک دەبن. مەبەست لە شاخیش کۆی ئەو دەرەتانە سیاسی و شۆڕشگێڕانەیەن کە بەهۆی ئەحزابی پێشەنگ و خەباتکارەوە چالاک دەبن. حیزب لێرەدا لەلایەکەوە وزە دەبەخشێت بە کۆمەڵگا و لەلایەکی دیکەوە وزەی لێ وەردەگرێت و لەم ڕێگایەوە بە باشترین شێوە سەرمایە هەمەچەشنەکان دەبن بە سەرمایەی شۆڕشگێڕانە. لە دەقی ڕاساندا، شاخ و شار پێوەندییەکی دوولایەنەیان پێکەوە هەیە. ئەم ئاراستەیە لەسەر ئەم لێکدانەوەیە دامەزراوە کە شار خاوەنی هێزێکی فرەڕەهەند و چەقی گۆڕانکارییەکانە.

لە بەشێک لە پێناسەی «ڕاسانی ڕۆژهەڵات»، لە ڕاپۆرتی کۆنگرەی شازدەهەم، «کۆنگرەی ڕاسانی ڕۆژهەڵات»دا هاتووە:

ڕۆژهەڵاتی نوێ، لەگەڵ شاخ پەیمان دەبەستێت و یارمەتی وەردەگرێت بۆ ڕاسانێکی نوێ. ئامانج ئەوەیە کە بۆ خۆی ببێتە ڕزگاریدەری خۆی و جگە لە یارمەتی وەرگرتن لە شاخ (پێشمەرگە) کە سەرمایە و هێزی خۆیەتی، چاوەڕوانی یارمەتیی هیچ لایەنێک نەکات. بۆ ئەوەی هەنگاو بە هەنگاو ببێت بە پلاندارێژ و بەڕێوەبەر، بۆ گەیشتن بە ئازادی. بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، لە پێش هەموو شتێکدا دەبێ ئەو کۆمەڵگەیە ببێتە هێزێکی شوێندانەر لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات. نەخشەڕێگای پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ، ئەوەیە کە هەموو ئەو هێزانەی کە دەتوانن لەم بوارەدا یارمەتیدەر بن، هەموو ئەوانەی کە دژی ملهوڕیی دەسەڵاتی ناوەندی، پەراوێز خستنی کورد، یان هەر نەتەوەیەکی دیکە لە پێکهاتەی سیاسی و حەشیمەتی ئێران بە هەر ئایین، زمان و کولتوورێکن، تەنیا بەو مەرجەی دێموکرات و ئازادیخواز بن، لەژێر چەترێکی بەرینی سیاسیدا کۆ بکاتەوە.

بۆیە هەر چەشنە خۆ بە جەمسەر زانین و قەتیس مانەوە لە هەر چەشنە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا، کۆسپی سەرکەوتنی ڕاسانن. لێرەدا پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی جەوهەریی دیکە بکەم لە ڕوانینمان بەنیسبەت ناوەندەوە. پێمان وایە کە جۆری پەیوەندیی ناوەند و نەتەوە غەیرە فارسەکان، پەیوەندییەکی داگیرکارییە و تا ئەم جۆرە لە پەیوەندی لە ناوەندەوە هەڵنەوەشێتەوە، هیچ دەرەتانێک بۆ پێکەوەبوونی دڵخوازانە بوونی نییە، پەیوەندییەک کە کۆمەڵێک ڕەهەندی ئابووری، سەربازی، کولتووری و ژینگەیی هەیە کە لەسەر یەک بوونەتە هەڕەشە بۆ سەر ناسنامە و ئاسایشی نەتەوەییمان. بە سەرنجدان بەم خاڵانەی سەرەوە، لە پرۆژەی ڕاسان بۆ ڕۆژهەڵاتی نوێ، گرینگی بە گوتارێکی نوێ بۆ کوردایەتی دەدرێت کە ئەرکی ڕزگارکردنی کوردستان تەنیا لە ئەستۆی هێزی پێشمەرگەدا نییە. بەڵکوو پێکەوە گرێدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ژنان، خوێندکاران، ژینگەپارێزی و پەروەردەیی لە چوارچێوەی گوتاری کوردایەتی وەک تەواوکەری شۆڕش سەیر دەکرێت. لەم پێناسەیەدا، ڕزگاری لە ستەم و گەیشتن بە سەربەستی و سەروەریی نەتەوەی کورد لەسەر خاکی کوردستان و هەروەها سازکردنی کۆمەڵگایەک بەدوور لە چەوساندنەوە و دابینکردنی ژیانێکی بەرامبەر بۆ هەموو تاکەکان ئامانجی کۆتاییە.

### ڕاسان و سەربەخۆیی سیاسی

لەژێر ڕووناکایی ئەم باسانە، پێویستە ڕەهەندێکی دیکەی ڕاسان بە کورتی شی بکرێتەوە. یەکێک لە دەلالەتەکانی ڕاسان ئەوەیە کە سووژەی ڕووناکبیر و سیاسیی کورد بە شێوەیەکی سەربەخۆ چاو لە پێداویستییەکانی خەباتی ئازادیخوازانەی کوردستان دەکات و ئەو نوسخەیەی لە تاران و لە ناوەندەکانی پێوەندیدار بە دەزگا حکوومییەکان بۆ شێوازی خەباتی سیاسی دەپێچرێتەوە، لە کوردستاندا بە وڵامدەر نازانێت. سووژەی سیاسی و ڕووناکبیریی کورد، هەم لە سەردەمی پەهلەویدا و هەم لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا، شێوەی خەباتی خۆی بە گوێرەی هەلومەرجی کۆمەڵگای خۆی دیاری کردووە و دیاری دەکات. ئەو نوسخانەی ناسیۆنالیزمی ناوەندخواز لە تارانەوە یان تەنانەت لە پێگەی ئۆپۆزیسیۆنەوە بۆ کوردستانی بەڕێ دەکات، بێ هیچ دردۆنگییەک بۆ ئەستاندنەوەی جەوهەری شۆڕشگێڕانە و پتانسییەلی خەباتکارانەی بزووتنەوەی کورد گەڵاڵە دەکرێن. ڕاسان بەم پێشگریمانەیەوە گەڵاڵەی بۆ دادەڕێژرێت کە ئێمە دەبێ خۆمان نوسخەی خەباتی خۆمان بپێچینەوە.

### ڕاسان و گوتاری کوردایەتی

ڕەنگە دەستپێکردنی ڕاسان لە دیارترین دەرکەوتەی خۆیدا لە دەستپێکردنەوەی ئۆپەراسیۆنی هێزی پێشمەرگەدا خۆی وە دیار بخات. بەڵام پێناسەکردنی ڕاسان بەم شێوەیە، هەم دابەزاندنی پرۆژەیەکی گرینگ و بەربڵاو بۆ یەکێک لە دەرکەوتەکان و ڕەهەندەکانی پرۆژەی ڕاسانە کە زیاتر ڕەنگ و بۆنی حەماسی بەخۆیەوە دەگرێت و هەم ئەستاندنەوەی ڕادەیەکی زۆر لە جەوهەر و دینامیزمی ڕاستەقینەی ئەم پرۆژەیە لە ئاستی دامەزراندن و بەڕێوەبردنی پراتیکی پرۆژەکەدایە. پێناسەکردنی ڕاسان تەنها لە ڕەهەندی ئامادەیی و حوزووری پێشمەرگانە لەسەر خاکی ڕۆژهەڵات، خوێندنەوەیەکی نیوەچڵە لەم پرۆژەیە. بۆ ئەوەی خۆمان لەم جۆرە خوێندنەوەیە بە دوور گرتبێت، پێویستە ڕەهەندەکانی ڕاسان جومگەبەندی بکرێت؛ ئەویش چەمکی حوزووری گوتاریی ڕاسانە کە دەبێ هاوتەریب لەگەڵ حوزووری مەیدانیی پێشمەرگە بە بایەخەوە لێی بڕوانین.

کورد نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتی خاوەن گوتاری نەتەوەییە. ئەگەر هەتا ئێستا ئاگری خەبات دانەمرکاوەتەوە و بەپێچەوانەوە هەر هاتووە و بڵێسەی ئەستاندووە، بەم هۆیە بووە کە ئێمەی کورد هەر لە خۆیبوونەوە هەتا ژێکاف و هەتا کۆمار و دواتریش حیزبی دێموکرات، خاوەنی گوتاری نەتەوەیی خۆمان بووین.

کاتێک گوتاری نەتەوەیی بەهێز و ئەوڕۆیی لە گۆڕێدا بێت، تەنانەت ئەگەر دەزگا فەرمییەکانی پەروەردە و بارهێنانیش لەبەردەستی ئێمەدا نەبن، ئەو گوتارە بە شێوەیەکی هەراو بەسەر کۆمەڵگادا بڵاو دەبێتەوە. بە درێژایی هەموو ئەو ساڵانەی کورد ژێردەست بووە، هەست و هۆشی نەتەوەیی لەوپەڕی خۆیدا بووە و کوردایەتی لە بەرەیەکەوە ڕاگوێزراوە بۆ بەرەیەکی دواتر، لەبەر ئەوە بووە کە گوتارێکی نەتەوەیی لە ئارادا بووە.

### ڕاسان و بەرژەوەندیی نەتەوەیی

لە ئاستێکی دیکەدا گوتاری نەتەوەیی پێویستی بەوەیە کە بە هەموو جۆرێک کار لەسەر پێناسەکردنی دوو چەمکی سەروەری و بەرژەوەندیی نەتەوەیی بکەین و خۆمان لە دەمارگرژی و خۆ بە جەمسەر زانین بپارێزین. «یەکگرتن» و «یەکگرتوویی» لەنێو کورددا، بەتایبەت بۆ ڕۆژهەڵاتی ئێستا دەبێ ببێتە ڕێڕەوی بیرکردنەوەمان. ئێمە کە باس لە زەرووڕەتی یەکگرتن دەکەین، مانای وایە کە تا ئێستا یەکگرتوو نەبووینە. هەر بۆیە بەردەوام پێویستیمان بەوەیە کە باس لە یەکگرتن و یەگرتنەوە بکەین، چ لە ئاستی کۆمەڵانی خەڵکدا، چ لە ئاستی حیزبەکاندا. بۆ یەکگرتن و یەکگرتوویی، سەرەتا پێویستیمان بەمەیە کە «بەرژەوەندییە باڵاکانی کورد» و «ناسنامەی کورد» پێناسە بکەین. دەبێ لەسەر بنەما سەرەکییەکانی بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد و ناسنامەی کورد پێک بێین. بەبێ پێناسەکردنی ئەم دوو بنەما سەرەکییە بۆ سیاسەتێکی یەکگرتوو، زۆر ئەستەمە بتوانین لەسەر خاڵەکانی تر یەک بگرین. بۆیە بە پێویستییەکی مێژوویی دەزانم لە سۆنگەی ئەم گوتارە نەتەوەییەوە بڕوانینە داهاتووی کورد لە ڕۆژهەڵات و حوزووری گوتاری ڕاسانیش بەم خوێندنەوەیە بە ئامانج بگرین.

### ڕاسان و گۆڕینی پێکهاتەی حیزب

ئەرکێکی گرینگی دیکە کە لەو هەلومەرجە و لە چەقی ئەم گۆڕانکارییانە کەوتە سەر شانی حیزبی دێموکرات، پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی حیزبدا بوو. سەرەڕای کارامەبوونی بۆ سەردەمی خۆی، ئەو پێکهاتەی کە ساڵانێکی دوورودرێژ بوو لە حیزبدا ڕیشەی داکوتابوو نەیدەتوانی بەرنامەی ڕاسان لە بەستێنی ڕۆژهەڵاتی نوێدا پێش بخات و بە واتەیەکی دیکە چیتر وەڵامدەر نەبوو. سروشتییە دوای هەر گۆڕانکارییەک پێویستمان بە میکانیزمی نوێ و خوێندنەوەی نوێ هەیە. زۆر ئاستەمە بەرنامەی خەباتێکی نوێ بە پێکهاتەیەک بەڕێوە بچێت کە پێشتر بۆ هەلومەرج و دۆخێکی درێژماوە دانراوە و تۆ ئێستا دەتەوێت ماڵئاوایی لێ بکەیت و بە ڕابردووی بسپێریت. ئەو پێکهاتە و بەرنامە نوێیەش لە دووتوێی گەڵاڵەیەکدا کە ئامادە کرابوو، دوای باس و لێکدانەوەیەکی تێروتەسەل لە ماوەی نزیک بە دوو ساڵدا، سەرئەنجام لەلایەن زۆرینەی ڕێبەرایەتی و بەدەنەی حیزب لە کۆنگرەی شازدەهەم پەسند کرا. بەدوای کۆنگرەدا، دەست کرا بە دابەزاندنی بەرنامە و پێکهاتەی ڕێکخراوەیی نوێ، بەڵام لە ڕەوتی دابەزاندنیدا بەرەبەرە لەگەڵ دوو گرفتی سەرەکی بەرەوڕوو بوویەوە:

یەکەم: لە دەقی هەر گۆڕانکارییەکدا و لە ڕەوتی جێبەجێکردنی بەرنامەکاندا، هەندێک گرفت دێنە ئاراوە کە یان پێشتر بە باشی بیری لێ نەکراوەتەوە یان ئەوەی کە پێشبینی نەکراوە. بوونی ئەم گرفتانە شتێکی ئاساییە. لە پرۆسەی گۆڕانکارییەکاندا تەنانەت لە دامەزراوە، ڕێکخراوە و حکوومەتەکاندا کە ئاستێکی بەرزی پێشکەوتنیان هەیە، ئەگەر بتهەوێت پێکهاتە یان بەرنامە و شێوەی کار بەڕۆژ بکرێتەوە، لە ڕەوتی جێبەجێ کردنیدا و بە تێپەڕینی کات، لەگەڵ هێندێک کەموکۆڕی و گرفت بەرەوڕوو دەبێتەوە، هەر بۆیە ڕێگەچارەی گونجاویان بۆ دەدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی ڕەوتەکە بەردەوام بێت. لە مێژووی حیزبی ئێمەشدا، گۆڕانکارییەکان و نوێکردنەوەی خوێندنەوە و بەرنامەکان، هەڵسەنگاندن و گفتوگۆیان لەسەر کراوە، گرفتەکان دەستنیشان کراون و لە شوێنی خۆی کەوتوونەتە بەرباس و سەرئەنجام ڕێگەچارەیان بۆ دۆزراوەتەوە و وردەکاری نەبووەتە بەربەستی سەرڕێی بەردەوامبوون. واتە هاوکات لەگەڵ بەردەوامبوونی پرۆسەکە، دەبێ هەوڵ بۆ کەمکردنەوە و لابردنی گرفتەکان بدرێت، بەڵام بێگومان ئەولەوییەت بە بەردەوام بوونە.

دووەم: قەناعەت هێنان بە گۆڕانکاری. ئەگەرچی هەموو گۆڕانکارییەک دژوارە، بەڵام دژوارتر لە خودی گۆڕانکاری، باوەڕهێنان و قەناعەتە بە ئاڵوگۆڕ. واتە گۆڕانکاری دەبێ لە هزر و شێوەی بیرکردنەوەی تاک و کۆمەڵگادا ڕوو بدات تا بگەی بە خاڵی دەستپێکی خودی گۆڕانکاری. ئەمە بەو مانایە دەبێ بەر لە هەموو شتێک تێگەیشتنێک سەبارەت بە زەرووڕەت و پێویستیی گۆڕانکاری و نوێبوونەوە بێتە ئاراوە، بەتایبەت لای بەرپرسانی حیزبی دێموکرات کە خۆی بە حیزبێکی پێشکەوتنخواز و ئەمڕۆیی پێناسە دەکات و بە سامانی نەتەوەیی ڕۆژهەڵات و بزووتنەوەکەی دێتە ئەژمار. لە دەقی ڕاسانیشدا ئێمە سەرمایەی شۆڕشگێڕانەمان وەک پوتانسییەلێک بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا پێناسە کرد، کەواتە پێویستە بەر لە هەموو شتێک تێگەیشتن و پێویستیی گۆڕانکاری، سەرەتا لە حیزب پێک بێت. چونکە میکانیزمی سەرەکی لە هەر ئاڵوگۆڕێکدا، ئەو کەسانەن کە بە کردەوە پێکهێنانی گۆڕانکارییەکە دەکەوێتە سەر شانیان و بەرپرسایەتییان هەیە و بەرانبەر بە حیزب و کۆمەڵگا هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکەن. بۆ وەبیر هێنانەوە، ڕاسان لە جەوهەری خۆیدا بریتییە لە تێپەڕین لە شێوازێکی ڕێکخراوەیی و سیاسی و گوتارێکی کەمتر چالاک بۆ فیگۆڕێکی چالاک و هەڵسووڕ و شوێندانەر کە گۆڕینی پێکهاتەی حیزب دەبێ لەم گۆشەنیگایەوە لێک بدرێتەوە. بەگشتی لە کۆمەڵگای سوننەتیدا پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ وەک لەدایکبوونێکە کە ئێش و ئازاری هەیە. دۆخی مانەوە لە ڕابردوودا ئەوەندە لە نوێ بوونەوەکان دوورمان دەخاتەوە کە پێی ناگەین و ئاکامەکەی دەبێتە دواکەوتن و خۆنەگونجاندن لە ڕەوتی گۆڕانکارییەکاندا کە لە حیزبی دێموکراتدا تێچووی مرۆیی، ماڵی و زەمانی ئەو دۆخە زۆر لەوە قورستر دەبێ کە تا ئێستا بووە.

بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو گرفت و کۆسپانەی کە لەسەر ڕێگای نوێبوونەوەی سیستەم و پێکهاتەی حیزب لە بەستێنی ڕۆژهەڵاتی نوێدا هاتوونەتە کایەوە، ئەم قۆناغە لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران قۆناغێکی گرینگ و شوێندانەرە بۆ نوێ بوونەوە و وەجووڵە کەوتنی حیزب و وەجووڵە خستنی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات. پێویستە بە بایەخەوە سەیری بکرێت و هەوڵ بدرێت بۆ لابردن یان کەمکردنەوەی کۆسپەکان و بە هیوا بە داهاتوو و بەبێ مانەوە و ماندووبوون، ڕێگای بەردەوامبوونی هەموار بکرێت.

# حیزبی دێموکرات
# زەڕاتخانەی ئینێرژیی خەباتگێڕانە لە بزووتنەوەی کوردستاندا




**ئیبراهیم لاجانی**

٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ٧٥مین ساڵی دامەزرانی خۆی جەژن دەگرێ. لەسەرمانە ئەو دەرفەتە بقۆزینەوە بۆ پیشاندانی حزوری سیاسی و جەماوەری حیزب لە مەیدانی خەباتدا و بیکەینە خۆنیشاندانێکی سیاسی و تەشکیلاتیی گەورە. ئەوەش کاتێک ئیمکانی هەیە کە یوبیلی ئەڵماسی حیزب لەو پێوەندییەدا پێشنیار بکەینە ڕۆژی نیشاندانی ڕێککەوتنی نەتەوەیی و لێکتێگەیشتنی میللی و یەکیەتی و هەل بۆ دروستکردنی پرد و ڕووخاندنی دیوارەکانی نێوانمان.

دوو تایبەتمەندی گەورە لە کاک سەعیددا بەرجەستە بوون. یەکەم ئەوە کە سیاسەت بۆ کاک سەعید کوردایەتی بوو. یانی پێوانەی هەرکارێکی سیاسی و خەباتگێڕانە لە کوردستاندا ئەوە بوو کە تا چەندە لە خزمەت ڕزگاری کورد و کوردستاندایە.

دووهەمیش ئەوە کە ناوبراو بەڕاستی پێشمەرگەیەکی فیداکارو گیان لەسەردەستی شۆڕش و بزووتنەوە بوو. لە پێشدا پێشمەرگە بوو جا دوایە ببوە ڕێبەر و سکرتێر.

پڕۆژەی سیاسی حیزبی دێموکرات، ئەو پڕۆژەیە کە پێشەوا و شەرەفکەندی و قاسملوو و دەیان هەزار شەهیدی دیکەی میللەتەکەمان گیانیان لە پێناویدا بەخشی، ئەمڕۆ بۆتە پڕۆژەی سیاسیی بۆ هەموو میللەتی کورد. خەڵکی کورستان بە هەموو چین و توێژەکانییەوە، بەرنامەی حیزب بە بەرنامەی داخوازە میللی و دێموکراتییەکانی خۆیان دەزانن و کاری بۆ دەکەن.

بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران خەریکە دەکەوێتە قۆناخێکی تازەوە. قۆناخی بەرینبوونەوەی زیاتر و بەجەماوەریبوونی خەبات. حیزبی دێموکرات دەیهەوێ هەموو هێز و توانای خۆی و هێزەکانی دیکەی نێو بزووتنەوەش بۆ هەرچی باشتر سازماندان و ڕێبەری کردنی خەباتی کۆمەڵانی خەڵک مۆبیلیزە بکا.

بەڵام ئەو کارە تەنیا ئەو کاتە ئیمکانی هەیە کە هەموو هێزە سیاسی و کەسایەتییە سیاسییەکانی نێو بزوتنەوە، ئازایەتی ئەوەیان هەبێت، زەنجیری تەعەسوب و دەمارگرژی سیاسی و حیزبی و ئیدئۆلۆژیک لە دەست و پێی بیری سیاسی و ڕەفتاری سیاسی خۆیان بکەنەوە و لێوەشاوەیی و پوختەیی سیاسی و فەرهەنگی لە خۆیان نیشان بدەن. لەو نێوەدا ڕۆڵی حیزبی دێموکرات دەبێت ڕۆڵێکی بنەڕەتی بێت و ببێتە هەوێنی شکڵگرتن و بردنەپێشی ئەو پڕۆسەیە.

بەو پێیە دەردەکەوێ کە کاری هەرەگەورەی حیزبەکەمان لە یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانیدا ئەوەیە کە تەشکیلاتی حیزب لە نێوخۆ و دەرەوە بۆ وەڵامدانەوە بەو ئەرکانە ئامادە بکا کە لەوبارەوە دەکەونە سەر شانی حیزب.

لەوەش زیاتر یەکێک لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی حیزب لەوبارەوە ئەوە دەبێ کە کۆمەڵە سیاسەتێک دابڕێژێ کە حیزبی دێموکرات بە جۆرێک تەیار بکەن کە بتوانێ ئیبتیکاری پێکهێنانی هاوئاهەنگی و هاوکارییەکی نزیکتر لە نێوان هێز و لایەن و کەسایەتییە سیاسییەکانی نێو بزووتنەوەدا بەدەستەوە بگرێ و ببێتە پردی متمانەی نێوانیان.

ئێستا هەموو خەڵکی کوردستان چاوەڕوانییەکی لەو جۆرەیان لە حیزبی دێموکرات هەیە.

چاوەڕوانیان ئەوەیە لە یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبدا ببێتە سەرەتای سالمسازی لە پۆلیتیکی کورد و سیاسەتی کوردی لە کوردستانی ئێراندا. ئەوان چاوەڕوانیان ئەوەیە کە تێکۆشەرانی حیزب بە هەست کردن بەو بەرپرسایەتییە گەورە کە لەسەر شانیانە، لە عەقڵی بەکۆمەڵ و فەزیلەتی سیاسی کەڵکوەرگرن و حیزبی دێموکرات مەنزڵێکی دیکەش، بە ڕێگای دووروودرێژی خەبات بۆ ئازادی و دێموکراسی و مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستاندا، بە ڕێگای خزمەتکردن بە ئامانجە بەرزەکانی بزووتنەوەی کوردستاندا، بەرەوپێش بەرن. دەزانین کە بەبێ ڕێزگرتن لەو بایەخ و نرخانە، لەو بایەخ و نەریتە بەرزانە کە بوونەتە ناسنامەی حیزبی دێموکرات و حیزبی دێموکراتیان گەیاندۆتە ئێرە و لەو ڕێگا دووروودرێژەدا چرای ڕێنیشادەرمان بوون، لە هەمان کاتیشدا بە بێ بەخۆداچوونەوە و خۆهەڵسەنگاندنەوەی خۆمان و سیاسەت و تاکتیکەکانمان، ناتوانین لە داهاتوودا بڕۆینە پێش و خۆمان و حیزبەکامان بەرینە ئاستی ئەو قۆناخە کە لە پێشمانە .

قۆناخێک کە مەیدانی شەڕی گەورە و چارەنوسسازە. چەرخی بیستەممان بێ دەسکەوت لە دەستدا، قەرنی ٢١ نابێ لە دەست بدەین و ئەو قەرنە مەیدانی زەمانیی شەڕی هەرەگەورەی کوردە. دەبێ خۆمان و میللەتەکەمان بۆ ئەو شەڕە گەورە هەموولایەنە ئامادە بکەین. جارێکی دیکە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەک سەرەتا و نێوەڕاستی چەرخی بیستەم کەوتۆتە بەر گەردەلوول و ئاکامەکانی دابەشکردنی ئیستعماری لەو ناوچەیەدا پاش سەدساڵ ئیدی خەریکە پوچەڵ دێنەدەر.

ئەوەش وەختێک دەتوانین بکەین کە پێش هەرشتێک وەفاداری و ئەمەگناسی خۆمان بەرامبەر بە نەسڵەکانی پێشوتری حیزب و بزووتنەوە نیشان بدەین.

سەری ڕێز و کڕنۆش بۆ زەحمەت و ماندووبوون و تێکۆشان و خەباتی ئەوان دانەوێنین . ئەوانەی وجودی خۆیان، سەروەت وسامانی خۆیان، بیر و هێزو تەمەنی خۆیان بۆ بەرزکردنەوە و ڕاگرتن و بەرەوپێشبردنی ئاڵای خەباتی حیزب و نەتەوەکەمان ڕاگرتووە.

ئەوانەی لەو حیزبەدا شەهید بوون، هەر لە پێشەوای سەرقافڵەی شەهیدانمانەوە تا باقی شەهیدانی سەردەمی کۆمار، شەهیدانی قۆناخەکانی دواتری هێرشی ساواک بۆ سەر تەشکیلاتەکانی حیزب، شەهیدانی بزووتنەوەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧، شەهیدانی خۆپیشانەکانی سەرەتاکانی شۆڕش و بەربەرەکانێی قارەمانانەی شەڕی سێ مانگە، شەهیدانی شەڕی داسەپاوی کۆماری ئیسلامی بەسەر خەڵکی کوردستان و حیزب و بزووتنەوەکەماندا، شەهیدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزیی بەرگریی میللی و کۆمەڵانی خەڵکی بێ دیفاعی کوردستان، شەهیدانی نێو زیندانەکانی کۆنەپەرستی و شەهیدانی ماشینی تیرۆری ڕێژیم لە کوردستانی عێراق، تورکیە و وڵاتانی دیکە.

لەوەش زیاتر پێویستە وەفا و ئەمەگناسی خۆمان بەرامبەر بە هەموو ئەندامان و لایەنگران و تێکۆشەرانی حیزب دەرببڕین کە لەو ڕێگا پیرۆزەدا زەحمەتیان کێشاوە، ئەوانەی کەمئەندام بوون، ئەوانەی لەو ڕێگایەدا ئاوارە و دەربەدەر بوون، ئەوانەی ئازیزانیان لە دەستداون و ئەوانەی کە پشتیوانیان لە حیزب و تێکۆشەرانی حیزب و بنەماڵەکانیان کردووە.

بەڵێ لەسایەی ئەو فیداکاری و گیانبازییانەیە کە حیزبی ئێمە و خەباتی میللەتی ئێمە گەیشتۆتە ئێرە و بوونەتە جێگای هیوا و هومێد. حیزبێکی تەشکیلاتی و دڵسۆز، ئەگەر وەفا و ئەمەگی بەرامبەر ئەو بەها بەرزانە و ئەو نەریتە خەباتگێڕانەیەی حیزب نەبێت و ئەو وەفایەش لە کردار و ڕەفتاردا نیشان نەدا، ناتوانێ ئەو کاروانە بەرێتە پێش، یا یارمەتی بە بردنە پێشی ئەو خەباتە بکات یا دەتوانین بڵێین کە ناتوانێ لەگەڵ ئەو کاروانە بڕواتە پێش و لەو شەڕە گەورەدا کە لە پێشماندایە پێشمەرگەبێت.

ئێستا کە حیزبەکەمان یادی ٧٥ مین ساڵی دامەزرانی خۆی دەکاتەوە، ئامانجەکانمان، لە جەوهەری خۆیاندا هەرئەو ئامانجانەن کە لە ڕۆژەکانی سەرەتای دامەزرانی حیزبدا ئامانجمان بوون؛ واتە دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی میللەتی کورد، ئازادی و دێموکراسی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و ڕەفاه و بەختەوەری بۆ ڕۆڵەکانی کوردستان.

ئەوەتا ئەمڕۆش پاش برینی ئەو ڕێگا دووروودرێژە، پاش ئەو هەموو چونەپێش و سەرکەوتن و تێکشکان و کەوتن و هەستانەوەیە، هەروا ئاڵای خەبات بۆ ئازادی و مافە نەتەوایەتییەکانی میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران بەدەست حیزبەکەمانەوە دەشەکێتەوە و لەگەڵ خۆماندا بەرەوپێشی دەبەین.

ئێمە ناتوانین لە هەڵسەنگاندنەوەی ئەو ڕێگا دووروودرێژە کە بڕیومانە خۆببوێرین. ئاخر ئێمە عەزممان جەزم کردووە کە بڕۆینە پێش و ئەو خەباتە بگەیەنینە ترۆپکی ڕزگاری. ئێمە دەمانهەوێت پێشڕەوی بکەین و نامانهەوێت لە جێگای خۆمان بوەستین، یا هەر بەم شکڵ و شێوەی خەباتەوە بنوسێین. ئێمە نیشانمان داوە کە چەندە لە سەر ئامانج و پرەنسیپە ستراتیژییەکانمان شێلگیر و سوورین، ئەوەندەش لە دۆزینەوە و ڕەچاوکردن و بەکارهێنانی میتۆد و ڕێگای جۆراوجۆر بۆ کار و خەبات بۆ گەیشتن بەوان، لێوەشاوەین.

مێژووی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی دێموکرات بەشێکی گەورەی مێژووی هاوچەرخی میللەتەکەمانە و لە یەکتر جیا ناکرێنەوە. ئێستا کە دەمانهەوێ نەریتی خەباتگێڕانەی حیزبەکەمان بۆ نەوەکانی ئەمڕۆ و سبەی کوردستان بگوێزینەوە، لەو خەباتەدا لە کوردستاندا بەتەنیا نین و هەموو خەڵکی کوردستان پشتیوانمانە. لەو ڕێگایەدا ئێمە هەموو ئەو هێز و حیزب و کۆڕوکۆمەڵ و کەسایەتییانە بە هاوڕێ و هاوخەبات دەزانین کە بۆ ئازادی و دێموکراسی و مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد خەبات دەکەن.

پێکهێنانی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران، دەبێ لەو گۆشەنیگایەوە تەماشای بکرێت. ئەوە سەرەتای شکڵگرتنی نیهادینەبوون و جێگرتنی دێموکراسی و پلۆڕالیزمی سیاسی لە کۆمەڵگای ئێمەدایە؛ بەڵام دەبێ کار بکەین تا گەورە و بەرین و قوڵ ببێتەوە و بزووتنەوەی کورد بەهێزتر و هاوئاهەنگتر و چاپوکتر بکات.

بۆ ئەوەش شەرتی ئەساسی ئەوەیە حیزبی دێموکرات لە پێشدا ڕیزەکانی خۆی پتەو بکات و ڕیزەکانی خۆی وەسەریەکخاتەوە تا بتوانێ لە عوّدەی ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی بێتە دەر.

ئێمە قەت ئارەزوومان ئەوە نییە کە حیزبی تاقانەی گۆڕەپانەکە بین، بەڵام تێکۆشاوین و لە داهاتووشدا تێدەکۆشین کاریگەرترین و بەهیزترین هێزی سیاسی کوردستان بین و تەشکیلاتی خۆشمان بۆ گێڕانی ئەو ڕۆڵە ئامادە دەکەین.

وەختی ئەوە هاتووە بەرعۆدە بین لە یادی یوبیلی ئەڵماسی حیزبەکەماندا، هەموو توانا و ئیمکاناتی خۆمان بۆ یەکخستن و هاوئاهەنگکردنی هێز و ئینێرژییەکانی نێو بزووتنەوەی کوردستان دەکار کەین و بەربەست و کۆسپەکانی سەر ڕێگای چوونەپێشی ئەو زەرووڕەتە تەخت بکەین.

چاک تێگەییوین کە بۆ بەرینکردنەوەی خەبات بەدژی ئیستبدادی ڕەشی دینی و سەرکوت و زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، بۆ بەجەماوەریترکردنی خەباتی کۆمەڵانی خەڵک، مەرجی هەرەسەرەکی ئەوەیە کە هێزەکانی نێو بزووتنەوەی کوردستان یەک خەین.

ئەوەش بەوە دەکرێ کە تێکۆشین لەسەر پلاتفۆڕمێکی میللی ڕێککەوین. ئاستی هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ یەکتر بەرینە سەرتر. ئەگەر لە جێیەک ئیمکانی یەکگرتنی تەشکیلاتی هەیە کاری بۆ بکەین.

ئەگەر لە جێیەک دەتوانین لە سەر بەرنامەیەکی هاوبەش ڕێککەوین درێخی لێ نەکەین. پێشمەرجی کار بۆ ئەو مەسەلەش بریتییە لە سالمسازی لە فەزای سیاسەتی کوردستاندا و سازکردنی زەمینە و فەزا بۆ لێکحاڵیبوون و لێکتێگەیشتنی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و بردنەپێشی دیالۆگێکی میللی و کوردستانی.

ئێمە قاڵبووی مەیدانی خەبات وتێکۆشانین. هیچ هێزێک ناتوانێ ئیرادەی حیزبی ئێمە بۆ درێژەدانی خەبات و بەربەرەکانی و ڕێبەریکردنی خەباتی خەڵکی کورستان تێک بشکێنێ.

بەو بڕوا و متمانەبەخۆبوونەوە و بە لەمەیدانی خەباتدابوون خۆمان و حیزبەکەمان گەیشتوینەتە ئێرەو زیندوو ماوین و زیندووش دەمێنین.

هیچ شتێک ناتوانێ حیزبی دێموکرات لە ڕێگای ئەسڵی خۆی کە ڕێگای خزمەت بە ئامانجە بەرزەکانی خەڵکی کوردستانە لادا. لە داهاتووشدا هەروا دەبێت.

ئاخر تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات زەڕاتخانەیەکی گەورە و لەبننەهاتووی بزووتنەوەی کوردستانە و ڕێئاکتۆرێکی بەرهەمهێنانی ئینێرژی خەباتگێڕانەیە کە قەت لە کار ناکەوێ. ئێستا وەختی کەڵکوەرگرتن و دەکارکردن و هەڵخراندنی هەمووی ئەو ئەو زەڕاتخانە گەورەیەیە.

کەس لە فێربوون بێ‌نیاز نییە تا ئێمە لێی بێ‌نیاز بین. چوونە قوتابخانە و فێربوون هەمیشە شتێکی باشە و پێویستە و ڕەمزی چوونەپێش و گەشەکردنیشە.

# پێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران



سندووس

بۆ دامەزراندن و هاتنەئارای هەر حیزبێکی سیاسی، هەلومەرجی قۆناغی دامەزراندن، وەک سەرەکیترین و تۆخترین ماک، خۆی دەنوێنێ و ئەو کەسانەی خاوەن بیری سیاسین، گەر قۆناغەکە لەبەرچاو نەگرن، تووشی هەڵەی گەورە دەبن. چوونکە، ئەگەر داوا سەرەکییە سیاسییەکان بەدەر لە ویست و ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵک و جەماوەر بن، بێ پشتیوان دەمێنێتەوە و ناتوانێ درێژە بە تەمەنی بدات. دوای لە کزیدان و پاشەکشەی هەستی «ئۆممەت»سازی و تۆخبوونەوەی هەستی «نەتەوە«یی، کە بەرهەمی دوو شەڕی ماڵوێرانکەری یەکەم و دووهەمی جیهانی بوو و بۆ دیاریکردنی ئەو مافە سەرەکییە کە دەمێک بوو گەلان لە چوارچێوەی قەوارەیەکی سیاسیدا بۆی تێدەکۆشان، ئێلیت و ڕووناکبیرانی نەتەوە جیاجیاکان، ڕوویان لە دروستکردنی حیزبی سیاسی کرد و ویستیان لە ڕێگەی کایە و گەمە سیاسییەکان و بە شێوەیەکی دێموکراتیک هەل، بۆ وەدەستخستنی مافی نەتەوەیی بڕەخسێنن؛ بەڵام زۆرجار هەوڵی ئەم ڕووناکبیر و سیاسەتمەدارانە لەگەڵ ئاریشەی قووڵی دەمارگرژیی نەتەوەکانی تر ڕووبەڕوو بووەتەوە و بەربەستی گەورەیان لەبەردەم دروستکردوون، ئەوەی باسی لەسەر دەکەین بەپێی باوەڕ بە بیری دێموکراتیک و قەبووڵی «ئەویتر»، لە نێو هەموو گەلانی جیهاندا ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت و لە زۆر شوێنی ئەم جیهانە بە بێ کێشە و برائاساماڵیان بەش کردووە و بوونەتە دراوسێ و جیرانی ئەرکداری یەکتریش.

گەلی کوردیش لە کوردستانی ئێراندا بەدەر لەم ڕێسایە نییە و هەر لە دوای هاتنی بیری نەتەوەسازیی و هەوڵدان بۆ دروستکردنی دەوڵەت — نەتەوە، ڕووناکبیرانی لە دەوری «بەرنامە»یەکی گونجاو لەگەڵ نیشتمان و بە سەرنجدان بە خوێندنەوەی قووڵی سیاسی، کەوتنەخۆ و بەمەبەستی هەڵکردنی ئاڵا، لە سەر وڵاتی کوردان و داڕشتنی قەوارەیەکی سیاسی، حیزبی سیاسییان دروست کرد. دامەزراندنی «کۆمەڵەی ژێکاف»، هەوڵی ڕووناکبیرانی کورد بوو، بە مەبەستی وەدەستخستنی ئەم داوا سیاسییە، وەک سەرەتایەک کە هەلومەرجی ئەوکاتی ئێران، ناوچەکە و جیهان، دەیخواست. کەچی کەسایەتی مەزن و بیری تیژ و وردی «پێشەوا»، هەر زوو، هەم پەرەی بە بەرنامە سیاسییەکە دا و هەمیش ئاسۆیەکی گەش و ڕووناک و بەربڵاوی لە بیری سیاسی، بە ڕووی نەتەوەی کورددا کردەوە. قەڵەمبازی دامەزراندن لە «ژێکاف»، بۆ «حیزبی دێموکرات» و لە «حیزبی دێموکرات»ەوە بۆ دامەزراندنی «کۆماری کوردستان»، ئاکامی کارایی سیاسیی حیزبی دێموکرات و ڕێبەر و پێشەنگە مەزنەکەی واتە «پێشەوا»یە.

ڕاستە کۆمار، لە بەرهۆکارگەلی وەک:

١- ناوەندخوازی و هەبوونی بیری فاشیستی لە سیستمی ئەو کاتی دەسەڵاتی ئێراندا،

٢- دەمارگرژیی نەتەوەیی، نەتەوەی خۆسەپێن و باڵادەست،

٣- گەمە و کایە ئیقلیمی و جیهانییەکان لە سەر ئێران و کوردستان،

٤- هەروەها هێندێک کەموکوڕی نێوخۆیی.

تەنیا یازدە مانگی تەمەن بوو، بەڵام پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە کە بۆچی دوای ٧٥ ساڵ لە دامەزراندنی «کۆمار»، لەسەر دەستی «حیزبی دێموکرات»، ئەو حیزبە هەر وا بەگوڕ، لە گۆڕەپانی خەباتدایە و لەگەڵ دوو سیستمی داگیرکەری «پاشا»یەتی و «پاشائاخوند»یدا، قوربانی داوە و ئێستاش خوێنی لێ دەچۆڕێ، بەڵام بۆ چرکەساتێکیش لە تێکۆشان و خەبات نەوەستاوە؟

بۆ حیزبێکی سیاسی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە دەرفەتی خەباتی سیاسییان لە نێوخۆی وڵاتدا بەتەواوی لێ بەربەست کردووە و بەناچار بۆ کردنەوەی بەستێنی سیاسی و وەدەستخستنی مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد، پەنای بۆ پارێزگاری کردن لە خۆی و لە ئامانجە سیاسییەکانی بردووە، پێنج ماکی سەرەکی پێوستن:

١- دیسکۆرس و گوتاری سیاسی،

٢- پێگەی جەماوەری،

٣- هێزی چەکداری ئامادە، هەم لە بواری فیزیکی و هەم لە بواری فکرییەوە(پەروەردەی کارا)،

٤- دیپلۆماسی کارا،

٥- ئابووری بە توانا.

دیسکۆرسی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا بە ئەمڕۆ، ئەوەندەی ئینسانی و دونیاپەسەند بووە کە لە سیاسەتی گشتی خۆیدا بۆ یەکجاریش لە ئوسوولی دێموکراسی لای نەداوە، تەنانەت ئەگەر بە زیانی خۆشی تەواو بووبێت. ڕاستی ئەم خاڵە کاتێ دەردەکەوێ کە لە «پێشەوا»وە تا «دوکتور قاسملوو» و لە «دوکتور قاسملووە تا دوکتورسەعید و مستەفا هیجری»، ڕەچاوی «ڕەوشت»، لە سیاسەتیان کردووە. یانی لە دونیای پڕ لە کێشەی سیاسەت کردنی ڕابردوو و ئێستادا کە هەموو بابەت و شتەکان، تەنانەت مرۆڤیش بووەتە ئامرازی گەیشتن بە مەرام و ئامانجە سیاسییەکان و سیاسەتی بەرژەوەندیخوازانە و «ماکیاڤێل»ی، باڵی بەسەر فەزای سیاسیدا کێشاوە، حیزبی دێموکرات بە هەموو توانایەوە ویستوویە «ڕەوشت» و «سیاسەت» بەیەکەوە ئاشت کاتەوە؛ کەوابوو لە گوتاری سیاسی حیزبی دێموکراتدا، «دێموکراسی»، «مافی نەتەوەیی» و «ڕەوشت»، بە ڕادەیەک تێکەڵاون، کە یار و ئەغیار ئیعترافیان پێکردووە.

لە سەر خاڵی دووهەم دەتوانین بە شانازییەوە ئاماژە بەم ڕاستییە بکەین کە حیزبی ئێمە هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە پشت ئەستوور بە کۆمەڵانی خەڵک بووە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ڕاستییەی کە حیزب، بە شێوەی دێموکراتیک، هەڵگری ئاڵای مافەکانی نەتەوەیی، نەتەوەی خۆی بووە. گەر پشتیوانی جەماوەری نەبوایە حیزبی دێموکرات، بە دونیایەک لەو تەنگوچەڵەمەی کە بۆیان دروستکردووە، تا ئێستا ئاسەواریشی نەدەما، لەو تەمەنە ٧٥ ساڵییەدا، حیزب، زۆر جار زامدار بووە، بەڵام کۆمەڵانی خەڵک لە ڕێگەی ڕۆڵە بەتوانا و بەئەمەگەکانییەوە، هیچ کات نەیانهێشتووە بە چۆکدابێ و بچەمێ. دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ و ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزب، ئەم ڕاستییە بۆ هەموو لایەک دەرکەوت کە ویست و ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، لە سیاسەتەکانی حیزبدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە بە شەهامەتەوە دەتوانین بڵێین کە حیزبی دێموکرات و کۆمەڵانی خەڵک بە هیچ شێوەیەک لێک جیا ناکرێنەوە و گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانی حیزب، شتێکی حاشاهەڵنەگرە و بە مانای گەیشتنی نەتەوەی کورد بە مافە ئینسانی و نەتەوەییەکانیەتی. هێزی چەکداری کارای حیزبەکەمان هەر لە دەریای لەبڕاننەهاتووی کۆمەڵانی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێ کە گشت کات لە هاوکێشەکاندا ڕۆڵ و نەخشی کارای خۆی بینیوە. ڕەنگە ئاماژەکردن بە مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێو و لێوڕێژ لە شانازی خەباتی چەکداری حیزب، لەم کورتەوتارەدا نەگونجێ، بەڵام خۆ دەتوانین ئاماژە بە «ڕاسان» بکەین کە چۆن لەوپەڕی بێ ئیمکاناتی ماڵیدا بە لێکگرێدانی خەباتی «شاخ» و «شار» و دیسان بە پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵک، لەرزەی لە دڵی دوژمن خستووە. کاراکردنەوەی هێزی چەکدار، هاوڕێ لەگەڵ دیپلۆماسی لە ئاستی ئێران، ناوچەیی و نێونەتەوەییدا، ئەرکی ڕێبەرایەتی حیزب زیاتر دەکات و کوردوتەنی دوژمنێک زۆرە، بەڵام هەزار دۆست کەمە. بۆیە دیپلۆماسی کارا و بەتوانا ڕەوایی زیاتر بە خەباتی حیزبەکەمان دەبەخشێ و دەتوانێ هەزاران دۆستمان بۆ پەیدا بکات و زیاتر کاراکردنەوەی «ڕاسان»یش، ڕۆڵی حیزب، لە بەڵانسی کێشە سیاسییەکان، زیاتر تەزمین و گەرەنتی دەکات.

## وێستگە

### ٧٥ ساڵ تێکۆشان



نووسین: هێمۆ

لە ٧٥ ساڵ لەمەوپێشەوە تاکوو ئێستا، حیزبی دێموکرات وەکوو سازمانێکی سیاسیی خاوەن جێگە و پێگەی دیار لە کۆمەڵگادا، بە ڕاشکاوی باسی لە مافی ژنان کردووە و هەموو چەشنە دەرفەتێکی بۆ پێگەیاندن و خۆپێگەیاندنی ژنان لە کۆمەڵگای کوردستان و بەتایبەتیش لە چوارچێوەی ئەم حیزبەدا بۆ ئەم توێژە ڕەخساندووە.

حیزبی دێموکرات هەمیشە جەختی لە سەر هەبوونی ئەم توێژە لە کۆمەڵگا کردووەتەوە و بە ڕوونی لە بەرنامەکانی خۆیدا ئاماژەی بە گرینگیی هێنانە مەیدانی ئەم ژنانە کردووە.

ئاشکرایە کە کاتێک ڕێبەرێکی وەک پێشەوا قازی محەممەد بە دامەزراندنی یەکەمین ناوەندی پێگەیاندنی ژنان لە ژێر ناوی «یەکیەتی یایان»دا هەوڵ بۆ سەقامگیرکردنی یەکسانی ڕەگەزی و بەشداریی یەکسانی ژنان لە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا دەدات، حاشای لێ ناکرێت کە ئەم ڕێچکەیە دەبێ بەردەوام بێت و دەبێ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر پێشکەوتن بەخۆوە ببینێ.

حیزبی دێموکرات هەر لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوییەوە تاکوو ئێستا سەبارەت بە پرسەکانی ژنان ڕۆڵێکی ئێجگار بەرچاوی گێڕاوە.

یەکێک لە گرینگترین خاڵەکان کە دەکرێ ئاماژەی پێ بکرێ، باس کردنی ئەم حیزبە لە کەرامەتی مرۆیی و هەروەها گرینگیدان بە ئەم کەرامەتەیە بۆ ژنان.

هەر بۆیە لە ماوەی ٧٥ ساڵی ڕابردوودا دەتوانین بڵێین کە حیزبی دێموکرات ئاڵاهەڵگری ڕاستەقینەی پارێزگاری لە کەرامەتی مرۆڤ و هەروەها کەرامەتی ژنان بووە و هەوڵی داوە تاکوو لە ڕێگەی پەروەردە و پێگەیاندنی دروستەوە ژنان بەو قەناعەتە بگەیەنێ کە ئەوان بەشێک لەو کۆمەڵگایەن کە ژیانی تێدا دەکەن و بەدڵنیاییەوە کاریگەریی بەرچاو و شوێنداریان لە سەر پرسەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەبێ.

خەباتی حیزبی دێموکرات بەپێی ئەو هەلومەرجە سیاسییەی کە هاتووەتە سەر ڕێگای هەوراز و نشێوی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام لە هەموو ئەم هەوراز و نشێوانەدا هیچکات حاشای لە هەبوون و ڕۆڵ و کاریگەریی ژنان لە خەباتدا نەکردووە بەڵکوو بە پێی شوێن و کات، ئەرکی دیار و بەرچاوی بۆ ژنان لەو بازە زەمەنییەدا پێناسە کردووە.

ژنان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا لە سەنگەرەکانی بەرخودان و بەرگریدا ڕۆڵی پزیشک و پەرستاریان بینیوە، هەوڵیان داوە هەر لەو سەنگەرەدا هەم پێشمەرگە بن، هەم هاوسەر و هەم هاوسەنگەر، زۆر جار توانیویانە بە خۆپێگەیاندن و کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتەکان وەکوو کادرێکی بەوەجی حیزب جێگە و پێگە بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن و خاوەن قسە و بیروڕای خۆیان بن.

ژنان لە ماوەی ٧٥ ساڵ خەباتی بێوچانی حیزبدا، لێبڕاوانە وبێوچان خەباتیان کردووە و تێکۆشان و فیداکارییەکانیان لە مێژووودا تۆمار کراوە.

ئەم ژنانە زۆر جاریش ڕۆڵی دایکێکی ئازا و قارەمانیان گێڕاوە و نەسڵی نوێیان پەروەردە کردووە و ئەوانیشیان پێشکەش بە شۆڕشی نەتەوەیی کردووە.

بەپێچەوانەی ئەو پڕوپاگەندەیە کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەکرێ کە گوایە حیزبی دێموکرات نەماوە یان پاسیڤ بووە و کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەماوە، لە سێ چارەکە سەدە خەباتی بەردەوامی خۆیدا نیشانی داوە کە زۆر ئەکتیڤە و بە بەرنامە و پلانی نوێ و هاواهەنگ لەگەڵ کات و ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بەرەوپێش دەچێت و بۆ هەر بڕگەیەک لە ژیان هەنگاوی بەجێ و کارا هەڵدەگرێت.

ئەمساڵ کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی بەرز ڕادەگرێت، حاشا لەو ڕاستییە ناکرێت کە ژنان و کچان ڕۆڵ و پێگەیەکی ئێجگار جیاوازیان لە ڕابردوو هەیە و ئێستا لە هەموو چەشنە کاروبارێکی سیاسی و نیزامی و کۆمەڵایەتیشدا ڕۆڵ دەگێڕن.

پاش ڕاگەیاندنی ڕاسان وەکوو قۆناغێکی نوێ لە خەباتی حیزبی دێموکرات و بە دروشمی گرێدانی خەباتی شار و شاخ، پێناسەیەکی نوێ لە خەبات هاتە مەیدان و ئەمجارە ژنان لە هەر دوو ژینگەکە ئەرکی نوێ و جیاوازیان پێ ئەسپێردرا.

لە ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا، ژنان کاراتر و ئەکتیڤتر هاتنە نێو مەیدانی خەبات و تەنانەت بە بەڕێوەبردنی ئەرکێکی بچووکیش بووبێت هەوڵیان دا خۆیان لەو خەباتەدا ببیننەوە، ژنان لە خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەییدا هەمیشە ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە بەڵام ڕاسان پێناسەیەکی نوێ و دەرفەتی نوێشی پێ بەخشین.

ڕاسانی ڕۆژهەڵات یەکێک لە لاپەڕە زێڕینەکانی خەباتی ٧٥ ساڵەی حیزبی دێموکراتە، خەباتێک کە هەستی گرینگبوون و کاریگەربوونی بە ژنان بەخشی و نیشانی دا کە ژنان لە هەر پێگە و شوێنێکدا، لە هەر ڕۆڵ و نەخشێکدا ئەتوانن کاراکتەرێکی بەهێز بن و جێگە پەنجەیان لەم خەباتەدا دیار و بەرچاو بێت.

درەوشانەوەی یووبیلی ئەڵماسیی حیزبی دێموکرات، نیشانەی هاوهەنگاوبوونی دوو ڕەگەزی کۆمەڵگا لەو خەباتەدایە، چونکە بەدڵنیاییەوە پەراوێزخستنی بەشێک لە کۆمەڵگا نەیدەتوانی حیزبی دێموکرات بە ئەمڕۆ بگەیێنێت و ئەوە بە مانای کەڵکوەرگرتنی حیزب لە هێز و توانای هەر دوو ڕەگەزی کۆمەڵگا بۆ دەستەبەرکردنی مافی نەتەوایەتی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتە.

# داهاتووی سیاسی و ئابووریی ئێران بە تەواوی لێڵ بووە

محەممەد سلێمانی

ڕێژیمی ئاخوندی ئێران دژوارییەکی سیاسی و دیپلۆماسی گەورەی لە سەر ئاستی نێوخۆیی و دەرەوەدا بۆ خۆی دروست کردووە و ئاکامی ئەو هەڵوێست و ڕوانینە شەڕەنگێزییانەی تاران، خەریکە بەشێك لە دۆست و وڵاتە دراوسێکانی لێ هەڵدەگەڕێنێتەوە؛ بەچەشنێک کە ڕاستەوخۆ دژایەتی پێگە و دزەی تاران لە وڵاتەکانیان دەکەن و بەغداش یەکەم هەنگاوی خۆی بەو ئاراستەیەدا هەڵگرتووە.

خامنەیی بەفەرمی چەند ڕۆژ لەمەوبەر وەزیری دەرەوەی ڕێژیمەکەی نارده بەغدا تا داوا لە مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانی عێراق بکات لە تاران چاوی بە ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی بکەوێ و بۆ ئەو مەبەستە کازمی سەردانی تارانی کرد و چەند دیدارێکی ڕاستەخۆی لەو وڵاتە ئەنجام دا.

عەلی خامنەیی ڕێبەری باڵای سیاسی و مەزهەبی ڕێژیم بەو دێڕەی خوارە هەوڵی داوە شوێنی قووڵ لە سەر سەرۆکوەزیرانی نوێی حکوومەتی عێراق دابنێ کە دەڵێت: « وشیاری دین و ئەزموونەکانیان بن و بنەمای پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران پێکەوە بپارێزن و زیاتر پەرەی پێبدەن.» یانی ئەگەر کازمی بە قسەیان نەکات نە ژیرە و نە دیندار و ڕێزی بۆ ئەزموونە تیرۆریستییەکانی تاران لە عێراق نەگرتووە کە ئەو وڵاتەی بەو کاولکارییە گەیاندووە لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە.

لە درێژەی کۆبوونەوەی دوولایەندا، خامنەیی بە ڕاشکاوی دژایەتی خۆی لەگەڵ هەبوونی پێگە و نفوزی ئەمریکا لە عێراق دەربڕیوەتەوە و کۆشکی سپی بە هۆکاری ناسەقامگیری سیاسی و سەربازی ناوچە زانیوە و داوا لە حکوومەتی عێراق دەکات ڕێگا بە هێزەکانی ئەمریکا نەدرێت لەوەی زیاتر سواری شانی دەسەڵاتی ئاخوندی بن لە عێراقدا و هاوکاریان بن بۆ کردنەدەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سەر ئاستی ناوچەدا.

ڕێبەری بەساڵاچووی تاران بەوپەڕی دووڕوویییەوە بە کازمی دەڵێت: ڕێژیمی ئاخوندی ڕێز لە سەروەری سیاسی عێراق دەگرێ و بە هیچ جۆرێك دەستتێوەردانی لە کاروباری عێراقدا نەکردووە و نایکات و تەنیا وەك دوو دراوسێ کە بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری و ئاسایشی هاوبەشمان هەیە، دژایەتی خۆمان بۆ ئەو لایەن و وڵاتانە دەربڕیوە کە هەبوونی هێز و دین و پەیوەندییەکانیان قبووڵ ناکەن. واتە تاران و بەغدا لە بەرەیەکدا دژی ئەمریکا شەڕ بکەن بۆ ئەوەی خامنەیی تۆڵەی خوێنی قاسم سلێمانی لە هێزە ئەمریکاییەکان بکاتەوە و لاوازی پێگەیان لەوەی زیاتر دەرنەکەوێت. دەسەڵاتی خۆسەپێنی ئاخوندی بە ڕێککەوتنە سیاسی و ئابوورییەکانی لەگەڵ چین و ڕووسیەشدا، ناتوانێ خۆی لە گێژاوی قەیرانە جۆربەجۆرەکان ڕزگار بکات و بەو کارەشیان باڵانسی سیاسی و هێزیان لە بەرژەوەندی خۆیان بگۆڕن و ئەوەی دەسەڵاتی تاران بەرەو لاوازی زیاتر دەبات، مەسەلە سیاسی و ئابوورییە کە بەو ڕێککەوتنە زیانێکی گەورەتر بە ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵات دەگات و ئەو لایەنەی سوودی پێدەگات و ئابوورییەکەی زیاتر گەشە دەکات، بەتەنیا چین و ڕوسیە دەبن و تاران لەگەڵ دۆخی خراپتر بەرەوڕوو دەکاتەوە.

سەردانی خێرای شالیاری هەندەرانی ئێران بۆ عێراق و پاشان هەرێمی کوردستان، بێگومان بێ هۆکاری سیاسی و ئەمنی نەبووە و تاران بەتەواوی نیگەرانی ڕووداوە سیاسییەکانی داهاتووی حکوومەتی عێراقە و تا دێ ڕێژیمی ئاخوندی نفوزی سیاسی و هەواڵگری بەرەو لاوازی زیاتر دەچێت و ئەو وشیارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە لە عێراقدا سەری هەڵداوە کە دژایەتی دەستتێوەردانەکانی تاران لە نێوخۆی وڵاتەکەیان بکەن.

ئەمریکا و ئیسرائیل بە ڕێگای گەلانی عێراقدا دەستیان بە کردنەدەرەوەی ڕێژیمی ئاخوندی دەست پێکردووە؛ عێراقییەکانیش بە ڕاشکاوی ناسەقامگیری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و بارگرژییە سیاسی و مەزهەبییەکان بۆ دەخالەتی ڕاستەوخۆی حکوومەتی تاران دەگەڕێننەوە و دەیانهەوێت بەتەواوی دەستی ببەستن.

پاش ئەوەی مستەفا کازمی بوو بە سەرۆکوەزیرانی عێراق و بە ڕاگەیاندنی کارنامەی حکوومەتەکەی، وێڕای پێداگری لەسەر ڕێکخستنەوەی توانا سیاسی و ئابووری و سەربازییەکانی بەغدا و دژایەتیکردنی ڕاشکاوانەی پێگە و نفوزی ئێران لە وڵاتەکەی، ئەو هەنگاوەی بە پێویستییەکی هەنووکەیی زانی و هەڵوێستی لەو چەشنەی مستەفا کازمی، نیگەرانی گەورەی بۆ دەسەڵاتی سیاسی و مەزهەبی تاران بە دوای خۆیدا هێناوە و بەوپەڕی دڵەڕاوکێیەوە دەڕواننە هەنگاوە سیاسییەکانی سەرۆکوەزیرانی نوێی عێراقی دراوسێیان کە تا دوێنێ وەك هاوپەیمان و دۆستی ستراتیژی خۆیان سەیریان دەکرد و بەدڵی ئەوان هەڵدەسووڕان.

هەر وەك لە وێنەکاندا دەردەکەوت بە شێوەی پرۆتۆکۆڵی و فەرمی پێشوازی لە محەممەدجەواد زەریف نەکراوە و «ئاڵا» ی ڕێژیمی تاران لە دیدارەکانی لەگەڵ حکوومەتی عێراق بەرچاو نەکەوت و پێدەچێت دیدارێکی پڕ لە ناکۆکی و دژایەتیان پێکەوە ئەنجام دابێت و کاتێك کازمی چاوی بە خامنەیی لە تاران کەوت، هەر وەك لە وێنەکەدا دەردەکەوتەوە، خامنەیی ڕێگای نەدابوو «ئاڵا»ی عێراق لە تەنیشتی ئاڵاکەیان وەك تۆڵەکردنەوەیەك لە کازمی دابنرێت.

ئەگەر بەوردی سەرنج بخەینە سەر نێوەرۆکی قسەکانی عەلی خامنەیی ئەو کات زیاتر هەست بە لێکترازان و دوورکەوتنەوەی ئەو دوو وڵاتە لە یەکدی دەکەین و ئاماژەکان بە ڕوونی لە تێکچوونی پەیوەندییە سیاسییەکانی ئێران و عێراق دەدوێن. سەردانی وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ ئەو مەبەستە بووە تا باسی باشترکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کازمی بکا و هەروەك ڕابردوو عێراق بە شوێنی تەراتێنی خۆیان بۆ دژایەتی لەگەڵ ئەمریکا و دژبەرانیان بەکار بێنن و گوشار لە سەر ئەمریکا دروست بکەن تا ناچار بکرێت لە عێراق بڕواتە دەر.

کاتێك هەواڵی چوونی وەزیری ڕێژیم بۆ بەغدا لە میدیاکانی ئەو وڵاتەدا بڵاو بوویەوە، خەڵك بۆ دژایەتی و مەحکوومکردنی سەردانی «محەممەدجەواد زەریف » ڕژانە سەر شەقامەکان و پێکهاتەکانی عێراق نیشانیان دا لەو ڕاستییە گەیشتوون کە ئەو نەهامەتییانەی لە پاش ڕوخانی ڕێژیمی سەدام حوسێن بەسەریاندا هاتووە، بەشێکی زۆری لەسایەی حکوومەتی تاران بووە و هەر بۆیەش دژایەتی هەژموونی تارانیان دەربڕییەوە.

نیزامی ئێران دەمێکە لە ڕووی سیاسی و ئیدارییەوە لە گێژەنەی خۆیان دەرچوون و ناوەندەکانی بڕیاردانی کاریگەرییان بە سەر ڕووداوەکانی وڵاتدا نەماوە و کاتێك توانای چارەسەرکردنی پرسە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە گرینگە نێوخۆییەکانیان لە دەست داوە و شەقامی وڵات بەگشتی بەدژیان لە بەرەیەکدا یەکیان گرتووە، دەریدەخات کە هۆکارەکەی بۆ بڕیارە نابەجێکانی دەسەڵاتی تاران دەگەڕێتەوە و بەو ڕێککەوتنەش کە لەگەڵ پێکەن و مۆسکۆ دەیکەن، هێندەی تر شەقامی وڵاتیان لە خۆیان دەهری و بێزار کردووە. جگە لە قەیرانی سیاسی و ئابووری، لە ڕووی ئیداریشەوە دەسەڵاتی ئاخوندی لەگەڵ کێشە و گیروگرفتی زۆر بەرەوڕوویە و لەباری سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا لە دۆخێکی گەلێك دژواردایە و هەتا بەو دواییانە پرسی لێپرسینەوەی سەرکۆماری ئێران حەسەن ڕوحانی بەشێکی سیاسییەکانی نێو بازنەی حوکمڕانی تارانی بەخۆیەوە خەریك کرد و کاربەدەستانی تاران نیگەرانییەکانی خۆیان لەو پەیوەندییەدا ڕاگەیاند و بە ڕاشکاوی ئەوەیان دەرکاند کە وڵاتەکەیان لە هەلومەرجێکی شیاودا نییە تا لێپرسینەوە لە حەسەن ڕوحانی بکرێ و ئەو هەنگاوەیان بە کردارێکی پڕ لەمەترسی و ژانەسەر وەسفکرد و بە سەرچاوەی تەشەنەکردنی ئاڵۆزییە نێوخۆییەکانیان لە قەڵەم دایەوە.

تەقینەوەکانی ئێران هێندەی تر ئاماژەکانی لاوازیی ڕێژیمیان دەرخستووە و ئەو شوێنانەی بە زۆری دەکرێنە ئامانج و ئاگر دەگرن، بێگومان بە هۆی ڕووداوی سرۆشتییەوە نین و بەگوێرەی سەرچاوە هەواڵگرییەکانی نزیك لە تەقینەوەکان، هێزە ئاسمانییەکانی ئیسرائیل پێگە ئەتۆمییەکانی ئێران بە ئامانج دەگرن و تاران لەو بارەوە خۆی مەڵاس داوە و نە بوێری وڵامدانەوەی هەیە و نە توانای خۆپاراستن و دەنگ بەرزکردنەوەی ماوە.

پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی تاران لەگەڵ وڵاتانی ناوچە و نێودەوڵەتیدا زۆر باش نییە و تەنانەت کێشەکانیان لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانە ناوچەییەکانیدا پێی ناوەتە دۆخێکی ئاستەم و دژوار و ئێران بە ڕێگای جوولەی سەربازی لە سەر سنووره ئاوییەکاندا، هەوڵ دەدات تۆزێك خۆی پیشان بدات کە هێشتا توانای کۆنترۆڵی بەسەر ناوچە بازرگانی و ئاوییەکاندا لە دەست نەداوە و تۆزێك دڵی بە هاوپەیمانە تازەکانی لەسەر حیسابی گەلانی ئێران خۆش کردووە کە پارێزگاری لە مانەوە و بەهێزبوونەوەی تاران دەکەن و ڕێگای لاوازتربوونی دەگرن و کاریگەری گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکا لەسەر ئێران کەمڕەنگ دەکەنەوە.

وڵاتێك کە بەرنامەی لە پێناو ئاسوودەیی و بەرژەوەندی گەلانی وڵاتەکەیدا دانەڕێژێ و بەلایەنی هێزی ستەم و زۆرداریدا، هەوڵی پاراستنی پایەکانی حوکمڕانی بدات و بە ڕێگای ناشیانە و ناعاقڵانیدا زیان بە ئاسایش و سەقامگیری سیاسی و ئابووری پێکهاتەکانی وڵاتەکەی بگەیەنێت، بێگومان لە درێژخایەندا لەگەڵ شەپۆلی بێزاری و نارەزایەتی و ڕاپەڕینی بەرفراوانی جەماوەری خەڵك بەرەوڕوو دەبێتەوە و ئەو ڕۆژە دێ بەزۆر ماڵئاوایی لە حوکمڕانی وڵاتیان پێ بکرێت و بە پۆل و بەتاك وەك جینایەتکاری شەڕ بەرەوڕووی لێپرسینەوە و دادگاییکردن بکرێنەوە.

# ڕازی مانەوە و شوێندانەرییەتی بەردەوامی حیزبی دێموکرات

د.ئیدریس ئەحمەدی

چۆنە حیزبی دێموکرات، بۆ ماوەی ۷۵ ساڵ، نەک تەنیا مانەوەی خۆی لە ژینگەیەکی پڕ لە مەترسی ئاسایشییدا مسۆگەر کردووە، بەڵکوو هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، پێگەی خۆی وەک هێزی سەرەکیی پاراستووە؟

ڕاستە، ڕێکخراوی دیکەی کوردی هاوشێوەی حیزبی دێموکرات زەربەیان وێکەوتووە، لە هێندێک قۆناغدا ناچار بوون بە پاشەکشەکردن، نسکۆیان ئەزموون کردووە، بەڵام دیسان بووژاونەتەوە و سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە. هەڵبەت هیچیان وەک حیزبی دێموکرات سێ جار باڵاترین ڕێبەرایەتییان لەنێو نەچووە، کەچی هەر خۆڕاگر و شوێندانەر ماوەتەوە. ئەمەیە ڕازی حیزبی دێموکرات.

لە گەڵ دوو ڕێژیمی پڕچەک و پڕئیمکانات، واتە ڕێژیمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی، لە ملمانێی خوێناویدا بووە، هەم زەربەی لێ داون، هەمیش زەربەی وێکەوتووە، بەڵام یەکێک لەو ڕێژیمانە لە نێو چوو، ئەوی دیکەشیان لە سەر لێواری دارماندایە، کەچی حیزبی دێموکرات، پاش بیست ساڵ نسکۆ، لە ساڵی ۲۰۱۵ بەدواوە، بە بەرپاکردنی ڕاسان، نەک تەنیا پێگەی بەرینی جەماوەریی خۆی سەلماندەوە، بەڵکوو هێزی نیزامی و جەماوەریی خۆی بە دۆست و دوژمن سەلماند.

مانەوە و شوێندانەریی بەردەوامی حیزبێکی سیاسیی، دەگەڕێتەوە بۆ چەند فاکتەرێک، لەوانە: هەبوونی ڕیشە لە کۆمەڵگادا، سەربەخۆبوون لە ڕووی سیاسی و ڕێکخراوەییەوە، لەبەردەستبوونی ڕێکخستنی لێهاتوو و نیشتمانیی یان بەرین، هەروەها خاوەن یەکگرتوویی دەروون ڕێکخراوەیی (انسجام).

ڕازی مانەوە و شوێندانەریی حیزبی دێموکرات لە پلەی یەکەمدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕیشەی ئەم حیزبە لە کۆمەڵگای کوردستاندا. ڕیشەی کۆمەڵایەتی حیزبی دێموکرات لە یەکەم قۆناغدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە، پاش شێوەگۆڕین لە کۆمەڵەی ژێکافەوە، کە زۆرتر کۆمەڵەیەک لە نوخبەی ئەوکاتی کوردستان بوو، بۆ حیزبێکی سیاسی جەماوەریی پێش دامەزراندنی کۆمار؛ دواتر، بە تایبەت پاش کاری ڕێکخستنی ئازاد دوای شۆڕشی ۱۹۷۹ وێڕای خەباتی چەکداریی و شەهید بوونی زیاتر لە پێنج هەزار پێشمەرگە، ئەو پێگەیە بەرینتر بوویەوە.

لە لایەکی دیکەوە، حیزبی دێموکرات لە کاتێکدا سەربەخۆیی سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆی لە قۆناغێکدا بە هۆی نزیکایەتی لە حیزبی توودە لە دەست دا، لە کاتی ڕێبەرایەتیی دوکتور قاسملوودا، سەربەخۆیی خۆی وەدەست هێنایەوە و لەو کاتەوە، بەدامەزراوەیی کردووە. هەرچەند حیزبی دێموکرات لە زۆربەی تەمەنیدا ناچار بووە لە باشوور بمێنێتەوە، ڕێکخستنی نیشتمانی یان بەرینی لە پاش شۆڕشی ۱۹۸۹ پێکهێنا، هەرچەند دواتر زۆرتر بە شێوەی نهێنی کاری کردووە. ئەو ڕێکخستنە جەماوەرییە لە هێندێک قۆناغدا لاواز بووە، بەڵام هەر بەرین و کاریگەر ماوەتەوە. ڕاسان بە بێ ئەم ڕێکخستنە مەیسەر نەدەبوو، هەرچەند ڕاسان بە نۆرەی خۆی هەم ئەو ڕێکخستنە نهێنییە، هەمیش پێگەی جەماوەریی دێموکراتی بەهێزتر کردووە.

سەبارەت بە یەکگرتوویی دەروون ڕێکخراوەیی، دابڕانە یەک لە دوا یەکەکانی نێو حیزبی دێموکرات، یان لەئارادابوونی کۆتەڵەی جۆراوجۆر لە کاتی یەکگرتنەوەدا، حیزبی دێموکراتیان لاواز کردووە و زەربەیان لە پرەستیژی داوە. ئەگەر دێموکرات ڕیشەی لە کۆمەڵگای کوردستاندا نەبوایە، هەروەها ئەگەر بێبەری بوایە لە سەربەخۆیی سیاسی و ڕێکخستنی جەماوەریی لەبەردەستدا نەبوایە، بەرگەی ئەو هەموو دابڕان و باڵباڵێنەی (factionalism) نەدەگرت؛ بۆیە، وێڕای زەربەی دوژمن لە حیزبی دێموکرات، دابڕان و باڵباڵێن مەترسی بەرچاو بوون و هەن لەسەری.

وێڕای ئەو فاکتەرانە، ڕێبەریی دەروەست و خاوەن دیدی ستراتیژیک، هەروەها ئەندامی دەروەست و فیداکار، لە شوێنێک وەک ڕۆژهەڵاتی ناوین، سامانی گرنگی ڕێکخراوەیی پێک دێنن؛ لەو ڕووەوە، حیزبی دێموکرات خاوەن سامانێکی بەرچاوە. بۆ نموونە، لە ساڵانی ۱۹٦۷ و ۱۹٦۸، زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی دێموکرات لە شەڕدا گیانیان لەدەست دا. هەروەها ڕێبەری بەتوانا و خاوەن دیدی ستراتیژیکی وەک پێشەوا و دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرفکەندی هەبووە. لە لایەکی دیکەوە، سەرەڕای شەڕی درێژخایەن و خوێناویی، هەروەها سەرەڕای زەبروزەنگی سیستماتیک و ئەنجامدانی ڕەشەکوژی بەربڵاو دژ بە ئەندامانی لە لایەن دوو ڕێژیمی پڕئیمکانات و دڕندەوە، پێشمەرگە و کادری دەروەستی دێموکرات ئەو ڕێکخراوەیان ڕاگرتووە و بوژاندوویانەتەوە. پشتیوانیی بەردەوامی خەڵکی مەدەنی کوردستان لە حیزبی دێموکرات بە هەمان شێوە، سەرچاوەی هێز بووە.

دوافاکتەر کە یارمەتی شوێندانەریی حیزبی دێموکرات بووە، دەرفەتی لەباری سیاسیی بووە لە ئێراندا، بە تایبەت کاتێک کە حکومەتی ناوەندی تووشی دارمان یان لاوازیی بووە. بە بێ لاوازبوون یان دارمانی حکومەتی ناوەندی لە ئێران، ئەستەم دەبوو کۆماری کوردستان پاش شەڕی دووهەمی جیهانی یان بوژاندنەوە و بەهێزتربوونی حیزبی دێموکرات پاش شۆڕشی ۱۹۷۹ مەیسەر بوایە.

ئێستا کە کۆماری ئیسلامی لە سەر لێواری دارماندایە، ڕەنگ بێ دیسان دەرفەتی لەباری هاوشێوەی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی یان شۆڕشی ۱۹۷۹ بۆ حیزبی دێموکرات هەڵکەوێ. هەڵبەت دابڕان و باڵباڵێن مەترسی بەرچاون لەبەردەم توانایی حیزبی دێموکرات بۆ کەڵک وەرگرتن لە وەها دەرفەتێک، بە تایبەت بە لەبەرچاوگرتنی لەتووپەتبوونی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات و لەئارادابوونی بەدیلی دیکە (هەرچەند لاوازیش بن).

مانەوەی حیزبی دێموکرات مسۆگەرە، بەڵام شوێندانەریی لە داهاتوودا وەک هێزی سەرەکی بەندە بە کۆتایی هێنان بە دابڕانی ڕێکخراوەیی و دەربازبوون لە دۆزەخی باڵباڵێن.

# کەنداو و گەرووی هۆرمۆز



خەزان هەورامی

بەشی یەکەم

لە فەرهەنگە سیاسییەکاندا گەروو بریتییە لە «دەرووگە یان باریکەیەکی ئاو کە بە شێوەی سرووشتی دەبێتە هۆی پێوەندی دوو دەریا پێکەوە» (دهخدا ). هەڵبەت ئەو لێکدانەوە تا ڕادەیەک ناتەواوە، چونکە لە سەدەی ڕابردوودا چەندین کاناڵ وەک سوئێز و پاناما درووست کراوە کە هەم وەک گەروو دوو دەریای پێکەوە تێکەڵ کردووە و هەم لە باری بازرگانییەوە بووە بە ناوچەیەکی ژێئۆپۆلیتیک. گەرووی هۆرمۆز لەو چاخەدا زیاتر لە هەموو گەرووەکان ناوبانگی هەیە و باسی لەسەرە. لەو چەند ساڵەی دواییدا کە کۆماری ئیسلامی گوشاری نێودەوڵەتی و ناوچەیی لەسەرە، بەتەمایە وەک خاڵێکی گوشار بۆ سەر وڵاتانی دراوسێ و سەرجەم وڵاتانی جیهان کە ئاوەن و ڕەوەنی بازرگانی تێدا بە ئەنجام ئەگات، کەڵک وەربگرێ. یەکێک لە هۆکارەکانی دژایەتیی ئێران و وڵاتانی عەرەبی، پرسی کەنداو و گەرووی هۆرمۆز و دوڕگەکانی نێو کەنداوە. ئێران دەڵێ: کەنداوی فارس و عەرەبەکانیش دەڵێن کەنداوی عەرەبی. بەپێی بەڵگە مێژووییەکان و هەروەها لەسەر بنەمای ڕێژیمی یاسایی دەریاکان هەندێک ڕاستی دەرئەکەوێ کە خاوەندارێتیی کەنداو و سنوور و کەوشەنەکان ڕوون ئەکاتەوە. سەرەتا پێویستە بە کورتی سەبارەت بە گەرووی هۆرمۆز و هەڵکەوتەی جوگرافیایی و ژێئۆستراتژیکی و ژێئۆپۆلیتیکیی ناوچەکە بدوێین.

گەرووی هۆرمۆز: دەسەڵاتی ناوەندخوازی ئێران بۆ سڕینەوەی شوناسی گەلانی ئێران و توانەوەیان لەنێو گەلی فارسدا پرۆژەی بەربڵاو و درێژمەودای گرتۆتە بەر. لە باشووری ئێران بەهۆی ستراتژیک بوونی ناوچەکەوە هەوڵەکان زیاتر بووە. گۆڕینی ناوی شار و گوندەکان هەر لە ئابادان (عبادان)، خوڕەمشار (محمرە)، شادەگان (فلاحیە )وە بگرە هەتا کەنداو نموونەی ئەو ناوانەیە. ئەگەر بەپێی داتا مێژوویی و دیمۆگرافییەکان ناو لە زەریاکان بنرێ، دەبوا بەری ئێرانیی کەنداو بەهۆی مێژوویی بوون و زۆریی حەشیمەتی لوڕەوە ناوی کەنداوی لوڕی لەسەر بنرایە. «گەرووی هۆرمۆز کەوتۆتە نێوان ئێران و عەممان و گەروویەکی هاوبەشە. گەرووی هۆرمۆز هیلالییە و بە ڕادەیەکی زۆر و بە شێوەی سرووشتی هاتۆتە نێو وشکانییەکانی باشووری ئێرانەوە (زعیمی، غلامرضا، تنگە هرمز، ص ١٢).

قووڵایی کەنداو و گەرووی هۆرمۆز لە باکوورەوە بەرەو باشوور و لە ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵاتە. قووڵایی ئەو زەریایە لەلای لێوارەکانی ئێرانەوە وردەوردە دەست پێدەکات و لە چەندین میتر تێناپەڕێ بەڵام لە لێوارەکانی ئەمارات و عەممان لە نەوەد میتر زیاتریش تێئەپەڕێ (امین زادە، ابراهیم، خلیج فارس، ص ٩٩). بەهۆی ئەو تایبەتمەندییەوە بەزۆری کەشتییە بارهەڵگرەکان بە خاڵی لە بەری ئێرانەوە بە بارەوە لە بەری باشوورەوە و قووڵایی دەریاوە ئاوەن و ڕەوەن ئەکەن (الهی، همایون، خلیج فارس و مسائل آن، ص ٥٨).

سەبارەت بە پانتایی گەرووی هۆرمۆز بیروڕای جیاواز هەیە. بەپێی پێوانەکانی ڕابردوو، درێژایی ئەو گەرووییە ٨٧ کیلۆمەتر بووە بەڵام ئێستە بەپێی گەلاڵەی نوێ، نزیک بە ٣١٠ کیلۆمەترە. پانایی گەرووی هۆرمۆز بەپێی شوێنەکان جیاوازی هەیە. کەمترین مەودا ٣٨ کیلۆمەترە. لە بەشی نێونجی ٩٠ کیلۆمەتر و زیاترین مەودا ١٥٠ کیلۆمەترە (زعیمی، غلامرضا، تنگە هرمز، ص ١٣). لە کەنداوەوە بەرەو گەرووی هۆرمۆز ١٣٠ دووڕگەی گەورە و بچووک هەیە کە هەندێکیان وڵاتی ئێران خاوەندارێتییان ئەکات و ئەوانەی بەری وڵاتانی عەرەبی لە نێوان وڵاتانی لێواردا دابەش بووە. بەشێک لە دووڕگەکان ژیانی تێدا ئەکرێ بەڵام هەندێکیان بەهۆی بچووکی و نەبوونی ئاوی شیرینەوە کەسی تێدا نیشتەجێ نییە. ناوی گەرووی هۆرمۆز لە دوڕگەی هۆرمۆزەوە گیراوە. ئەو دووڕگەیە بە کلیل یان دەروازەی گەرووی هۆرمۆز ناسراوە. قیشم گەورەترین دووڕگەی کەنداوە. لە دووڕگەکانی کەنداودا بێجگە لە بازرگانی و ماسیگری، نەوت و گاز و کانزای دیکەی وەک مس، کرۆمیت، گۆگرد، ئەڵماس، خوێ، خاکی سوور (ئۆکسید دوفر)، سورب (قوڕقوشم)، ئاسن و هتد بەرهەم دێت (الهی، همایون، خلیج فارس و مسائل آن، صص ٤١ و ٤٢). ناوچەی کەنداو، ناوچەیەکی خۆش ئاو و هەوا نییە، ڕێژەی شێداری زۆرە و لە بووشەهر ٨٤٪ و لە کوەیتدا ٨٠٪ بەگشتی هەوای کەنداو گەرمە و لە وەرزی گەرمدا تاقەتپڕووکێنە و گەرمیی ئاوی کەنداو لە مانگی پووشپەڕ و گەلاوێژدا دەگاتە ٣٦ پلەی سەنتیگراد. ڕێژەی باران بارین لە کەناراوەکانی کەنداودا کەمە، بەڵام دیسان بەو حاڵەش کەنارەکانی بەری ئێران ڕێژەی باران بارین لە چاو بەری عەرەبی زیاترە. نێونجی بارینی باران لە کوەیت ١٢,٢ cm، لە بەسرە ٢٥ cm، لە خوڕەمشار ٢١,٣ cm، لە بووشەهر٤٤ cmە (خلیج فارس و مسائل آن، صص ٩ و ١٠).

بایەخی ژێئۆستراتیژیایی گەرووی هۆرمۆز: دیارە ناوچەیەکی وەک کەنداو و گەرووی هۆرمۆز هۆکاری پێوەندیی وڵاتانی ناوچەی کەنداو بە دەریای ئازادەوەیە. زۆربەی خاوەنڕایان پێیان وایە کە نزیک بە ٧٠٪ بازرگانیی وڵاتانی ناوچەی کەنداو بەهۆی ئەو ئاوەڕێگەوە ئەنجام ئەدرێ و هەروەها زۆربەی وڵاتانی جیهان هەریەک بە ڕێژەی بەرچاو پێویستییان بەو ناوچە هەیە. ڕووسیا لە یەکسەد ساڵی ڕابردوودا هەوڵی ئەوەی بووە کە دەستی بە ئاوە گەرمەکانی کەنداو بگات. بایەخ و گرنگی و ژێئۆپۆلیتیکی بوونی ناوچەی کەنداو لە ڕاستیدا ئەگەڕێتەوە بۆ سەد ساڵی ڕابردوو کە نەوت و گاز دۆزرایەوە. نەوت و گاز وەک سەرچاوەی وزە لە هەموو وڵاتانی ناوچەی کەنداودا بەدی ئەکرێ و ئاسانترین ڕێگا بۆ گواستنەوەی ئەو وزەیە بۆ وڵاتانی دووردەست تەنیا لە ڕێگەی دەریا و بە کەشتییە نەوتهەڵگرە زەبەلاحەکان ئەنجام ئەدرێ. هەتا نەوت و گاز تەواو ئەبێ و هەروەها هەتا جێگرەوەیەک بۆ ئەو وزەیە پەیدا ئەبێ، بێگومان ناوچەی کەنداو گرنگیی خۆی لە دەست نادات. بێجگە لە نەوت و گاز، کاڵا و شتوومەکی نانەوتیی وڵاتانی ناوچەکە، بەهۆی پێشکەوتنی سەنعەتی کەشتیوانی و تێچووی کەمترەوە لەو ڕێگە دەریاییەوە ئەنجام ئەدرێ. ئالبرکرک هێرشبەری پورتەگالی لە کاتی هێرش بۆ هێندوستان و کەنداو (٨٨٦ ک، ١٥٠٧ ز)دا دەڵێ: هەر دەوڵەتێک دەسەڵاتی تەواوی بەسەر سێ گەرووی هۆرمۆز، باب المندب و مالاکادا ببێ، دەسەڵاتی بەسەر جیهاندا هەیە. ژان ژاک شرایبری ئەمریکی لە سەر ئەو باوەڕەیە کە هەر وڵاتێک دەسەڵاتی بەسەر شێوەدوڕگەی عەرەبستاندا ببێ، دەسەڵاتی بەسەر دنیادا دەبێ (خلیج فارس و مسائل آن، صص ١٩ و ٢٠).

بیرۆکەگەلی هارتلەند (دڵی زەوی) و ریملەند لە ئێستەدا بایەخی خۆی لەدەست داوە و بەهۆی گەشەی ڕێگاوبانە زەوینی و ئاسمانییەکانەوە ناکرێ ناو و نازناوی گەورە و قەبە بەسەر شوێنێك لە گۆی زەویدا بچەسپێنی. هەڵبەت ئەو وتە بەو مانا نییە کە لە بایەخ و ستراتیژیک بوونی ناوچەی کەنداو کەم بکەینەوە، گرنگی و بایەخی کەنداو بۆ وڵاتانی ناوچەکە هەر لە تەشقی خۆیدایە. هەڵبەت عەرەبستان، عێراق و عەممان بەهۆی گواستنەوەی نەوت و گاز لە ڕێگای بۆڕییەوە بۆ کەناراوەکانی دەریای سوور، دەریای عەممان و مەدیتەرانە وەک باقی وڵاتانی شۆرای هاوئاهەنگیی کەنداو پێویستی سەد لە سەدیان بە کەنداو و گەرووی هۆرمۆز کەم بۆتەوە.

کێشەی وڵاتانی کەنداو: بەر لەوەی کەنداو و گەرووی هۆرمۆز بایەخی ستراتژیک پەیدا بکەن، گەلان و وڵاتانی دەوروبەری کەنداو بەردەوام لە شەڕ و کێشەدا بوون. دیاردەگەلی ڕەگەزی، دینی (ئایینی)، ئابووری و کۆچبەری هۆکاری سەرەکیی کێشە و ئاڵۆزییەکان بوون . لە دوای هەڵوەشانەوەی ئێمپراتۆرییەکانی ناوچەکە و چەقبەستنی گەلاڵەی سایکس پیکۆ، چەندین وڵاتی بچووک لە دەوروبەری کەنداودا درووست بوو. دابەشبوونی بە بڕەی وڵاتان، هەم ویستی گەلانی ناوچەکە نەبوو و هەم کێشەی لە نێوانیاندا ساز کردن. دراوسێتیی ئێران چ لە سەردەمی حەمەڕەزا شادا و چ لە دوای کۆماری ئیسلامی بۆ وڵاتانی عەرەبی مەترسی لێکەوتەوە. وڵاتانی عەرەبی لەبەر ڕەواندنەوەی مەترسیی ئێران، دژایەتییە نێوخۆییەکانیان وەلا ناوە و ڕێکخراوە و ناوەندی ئابووری، سیاسی و ئەمنییەتییان پێک هێناوە. سەرهەڵدانی ڕادیکاڵیزمی شێعە لە ئێران و هەناردەکردنی ئەو بیرۆکەیە بۆ ئەودیوی سنوورەکان، زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی تووشی کێشەی ناوخۆیی و شەڕی مەزهەبی کردووە.

بێجگە لەو ناکۆکییانەش، مەترسیی شەڕی دوو بەرەی مەزهەبیی سوننە و شێعە بە پێشەنگایەتیی ئێران و هاوپەیمانیی عەرەبی لەئارادایە. دوای بێ ئاکامیی شەڕی نیابەتی، بەرەبەرە شەڕی نێوان زلهێزە دینییەکان (ئایینییەکان) لە ئاستی دەوڵەتانی ناوچەکەدا دێتە ئاراوە.

کەنداوی لوڕ بەهۆی گرنگی و هەستیاری ژێئۆپۆلیتیکییەوە بێگومان لە هەڵگیرسانی شەڕدا، هەڵکەوتی لەبار و ئەولییەتی (وەبەرایەتیی) یەکەمی هەیە. کۆماری ئیسلامی لەوبەر کەنداو لە وڵاتی یەمەندا بە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی، ئەو وڵاتەی تووشی قەیرانی سیاسی کردۆتەوە. وڵاتی قەتەر لە بەرەی تورکیادایە و سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی وا نیشان ئەدات کە مەترسی نییە و ... . لە عێراقدا ویژمانی شێعەگەری باڵادەستە و کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە لە هەموو جمگەکانی دەسەڵاتدا ئەندازیاریی سیاسی بکات.

وڵاتانی عەرەبی سوننە لە چوارچێوەی ئێراندا خاوەن ڕێکخستنی سوننەی ڕادیکاڵ نین کە بووبێتە مەترسی بۆ ڕێژیمی ئێران. هەشت وڵات لە دەوروبەری کەنداودا هاولێوارن کە شانزدە بڕگە سنووری دەریایی لە نێوانیاندا دەتوانرێ درووست ببێ.

لەو شازدە، حەوتیان دیاری کراون و لەو حەوتەش شەشیان بە فەرمی ناسراوە کە بەم چەشنەن:

١- بەحرەین و عەرەبستانی سعوودی (١٩٥٩)

٢- ئێران و عەرەبستانی سعوودی (١٩٦٨)

٣- ئێران و قەتەر (١٩٦٩)

٤- قەتەر و ئەبووزەبی (ئەماراتی یەکگرتوو) (١٩٦٩)

٥- ئێران و بەحرەین (١٩٧٢)

٦- ئێران و عەممان (١٩٧٥) (مرزهای دریایی خلیج فارس، ص ١٧٣)

## لوقمان مێهفەر:

# سەرجەم بزووتنەوە سیاسی-نەتەوەییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە ئەزموون و کارتێکەرییە فکرییەکانی حیزبی دێموکرات بەهرەمەند بوونە

دیمانە: ڕەحمان سەلیمی

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەکوو یەکەم حیزبی مۆدێڕن لە کوردستان کە ٧٥ ساڵ لە تەمەنی پڕ لە شانازیی تێدەپەڕێت نوقتە گۆڕانێکی سیاسی گرینگی لە نێو کۆمەڵگای کوردستاندا بە شێوەی ڕێکخراو پێک هێنا کە توانی ببێتە خاوەن بەرنامەیەکی سیاسی کە لەودا داخوازەکانی نەتەوەی کورد و مافی چارەی خۆنووسی کردە ئامانجی خۆی. کە پێشتر لە بزوتنەوەکانی گەلی کورد لە کوردستان بەدی نەکراوە. لەم وتووێژەدا لەگەڵ بەڕێز «لوقمان مێهفەر» ئەندامی هەیئەتی ئێجرایی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد پێش لە دامەزرانی حیزبی دێموکرات و کاریگەرییەکانی دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە سەر بزاڤی کورد لە ڕۆژهەڵات و بەشەکانی دیکەی کوردستان و پێگەی حیزبی دێموکرات لە هاوکێشە سیاسییەکانمان خستووەتە بەر باس.

### دۆخی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد پێش لە دامەزرانی حیزبی دێموکرات چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

پێشەکی دەبێ ئەوە بزانین کە سەرجەم شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کوردی بەر لە سەردەمی دامەزرانی حیزبی دێموکرات، بەشێکن لە خەباتی نەتەوایەتیمان کە هەریەکەیان بەپێی کات و شوێنی سەرهەڵدانیان کاریگەرییان لەسەر قۆناغەکانی خەباتی ناسیۆنالیزمی کوردی هەبووە و جووڵانەوەکانی دوای ئەوانیش تەواوکەر و لەڕاستیدا لەسەر بنەمای بیر و هزری شۆڕشەکانی ڕابردوو درووست بوونە و بە بەشێک لە سەروەری نەتەوەیی و شانازییەکانی نەتەوە لەقەڵەم دراون و بە بایەخەوە لە خەبات و قوربانیدانی سەرجەم ڕاپەڕین و شۆڕشەکان یاد کراوەتەوە و ئێستاش یاد دەکرێنەوە؛ بەڵام بەگشتی بزووتنەوەکان خۆڕسک و لە ناوچەیەکی بچووکی جوگرافیایی دیاریکراوی کوردستاندا بوون و ڕێبەرایەتییەکەشی بەگشتی لەدەستی سەرۆکهۆز یان سەرۆکی عەشیرەتێکدا بووە. بنەمای ڕێکخراوەیی و یەکدەنگی جووڵانەوەکان هاوپەیمانییەتێکی کۆمەڵایەتی و پابەندبوونێکی عورفی بووە کە لە نێوان تاکەکانی هۆز و عەشیرەتە کوردییەکانی ئەو سەردەم (بەتایبەتی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم) باو بوو. زۆر جاریش لێکنزیکی چەند هۆز یان عەشیرەت لەیەکەوە بووەتە هۆکار بۆ گەورەبوونی بزووتنەوەکە یان بەربڵاوتربوونی ناوچەی دەسەڵاتەکەی. خاڵی جیاکەرەوەی حیزبی دێموکرات لەگەڵ جووڵانەوەکانی بەر لە درووستبوونی حیزبی دێموکرات، ڕەنگە زۆر بن بەڵام سەرەکیترینیان دیاریکردنی بەرنامە و پلاندارێژی بۆ خەباتە لەچوارچێوەی ڕێکخستنێکی هۆشیارانە و دڵخوازانە کە خۆی لە درووستکردنی حیزبدا دەبینێتەوە.


### دامەزرانی حیزبی دێموکرات، چ گۆڕانکارییەکی لەسەر بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات پێکهێنا؟

بەبۆچوونی من دامەزرانی حیزبی دێموکرات دەکرێ بە خاڵی وەرچەرخان دابندرێ لە مێژووی سەرتاسەری بزووتنەوەی کورددا و تەنها لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا کورت نەکرێتەوە. بەڵگەی ئەو ڕاستییەش ئاشکرا و روونە، دەکرێ بەکورتی ئاماژە بەچەند خاڵێکی گرنگ بکەم:

بۆ یەکەم جار حیزب وەک دیاردەیەکی مۆدێڕن دێتە نێو فەرهەنگی سیاسی کوردەوە کە لەلایەک خاوەندارێتی حیزبەکە دەگەڕێتەوە بۆ خودی کوردەکان و لەلایەکی دیکەشەوە بنەمای فیکری و سیاسی ئەندامانی حیزب مۆرکی نەتەوەیی و نیشتمانی پێوە دیارە. ئەوەش بەو مانایەی کە بزووتنەوەکە خاوەن تەشکیلاتێکی ڕێکخراو و بەرنامەیەکی ئامانجدارە کە بەشێوەیەکی ئاسۆیی پانتایی کۆمەڵگەی تەنیوە و سەرجەم چین و توێژەکانی لەدەوری خۆی کۆکردۆتەوە. ویست و داخوازی خەڵکی کورد لە بەرنامەی حیزبدا بەتەواوی ڕەنگ دەداتەوە و بەشێوەیەک گەڵاڵە دەکرێ کە تاکی کورد و بەرژەوەندییە گشتییە نەتەوەییەکان دەکەونە چەقی ستراتیژ و بەرنامەی ئەو حیزبە.

ئەگەر تا ئەوکات تاکی کورد لەنێوان بەرداشی بیری چەپگەرایی و نەریتی خێڵەکیدا ناچار بوو ڕێگەیەک بۆ خەبات هەڵبژێرێ کە دەرەنجامەکەی بێهیوایی دەبوو، ئەوا دامەزرانی حیزبی دێموکرات توانی بە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنێکی هەمەگیر ڕەوتێکی نوێ لە شێوەی خەبات دیاری بکا کە بناغە فیکری و سیاسییەکەی لەسەر پرسی نەتەوایەتی و پارێزگاری لە شوناسی کوردبوون بنیات نرابوو. ئەو خەسڵەتە گرنگەیە کە حیزبی دێموکرات دەگەیەنێتە تەمەنی ٧٥ ساڵی و ڕێبازێکی نەپساوەی لێ درووست دەکات. ڕەنگە درووستکردنی هێزی چەکدار، دابینکردنی سەرچاوەی دارایی، هەبوونی پەیوەندی سیاسی لەگەڵ حیزب و لایەنی سیاسی دیکە، دانانی دەزگای ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەی ڕەسمی حیزب، بەشداری و ڕۆڵی لاوان و ژنان لە حیزبدا و پێکهێنانی کۆبوونەوەی تەشکیلاتی و چەندین خاڵی گرنگی دیکەش کە حیزبی دێموکرات پێشەنگ و دەسپێشخەر بوو لە ئەنجامدانیان لەو سەردەمدا، هۆکاری سەرەکی بوون کە توانیان بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە خەباتی نەتەوەخوازییەوە بەرەو ڕەوتێکی نوێی خەبات کە ڕزگاریخوازی یەکجارییە ئاراستە بکەن کە لوتکەی ئەو ئاواتە لە دامەزرانی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان لە مەهاباددا خۆی بەرجەستە دەکاتەوە. بەداخەوە هەرچەندە کۆماری کوردستان لەلایەن ڕێژیمی داگیرکەری پەهلەوی (دەوڵەتی ئێرانی ئەوکات) ڕووخێندرا بەڵام ڕێباز و هزری حیزبی دێموکرات هەروا زیندووە و لە تێکۆشان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان نەوەستاوە.

### دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵات وەکوو یەکەم حیزبی مۆدێڕن، هەتا چەندە کاریگەری خستە سەر بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان؟



لەڕاستیدا نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو بەشێوازی جیاواز ڕوو بە دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان بەرەنگاری کردووە و لەزۆربەی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان جووڵانەوە و شۆڕش سەریان هەڵداوە. بێگومان ئەوکات و ئێستاش ئەو بەرخۆدان و شۆڕشانە لەسەر یەکتر کاریگەرییان هەبووە، لەباشترین حاڵەتدا هەستی هاوسۆزی و نەتەوایەتی لە نێوان ناوچەکانی کوردستانی بەرزکردۆتەوە و بەداخەوە بەهۆی تێکشکان و لەنێوبردنیشیان ورە و ئیرادەی خۆڕاگری و بەگژداچوونەوەی لەلای تاکی کورد لاواز کردووە. هەربۆیە دامەزرانی حیزبێکی پێشکەوتوو لەباری بیروباوەڕ و خاوەنهێز لەباری ڕێکخستنی جەماوەری و تیژبین سەبارەت بە پلان و ستراتیژی کارکردن لە ئێستا و داهاتوودا، بەدڵنیاییەوە کاریگەری ئەرێنی و بەرچاوی لەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستان دەبێت تا ئەوانیش لە شۆڕشدا ئەزموونی لێوەربگرن و پێڕەوی لێ بکەن. هەرچەندە لە بنەڕەتدا حیزب بیرۆکەیەکی ڕۆژئاواییە و بەر لە کوردیش نەتەوەکانی دراوسێی کورد کەڵکیان لێوەرگرتووە، بەڵام لەناو کورداندا دەتوانین بڵێین کە حیزبی دێموکرات لە دەستەمۆکردنی ئەو ئامرازەدا بۆ خەباتەکەی پێشەنگە و پێناسەیەکی نوێ بە حیزبی سیاسی-نەتەوەیی کوردی دەبەخشێت کە تا ئەو سەردەم بەو فۆرم و قەبارە لەڕووی فکری و جەماوەرییەوە لەناو کوردەکاندا خۆی دەرنەخستبوو.

لە باشووری کوردستان کە شۆڕشی کوردەکان تا ئەوکات لەژێر ڕابەرایەتی بنەماڵەی بارزاندا خەباتی دەکرد، دواتر حیزبێکیان بەناوی پارتی دێموکراتی کوردستان درووست کرد. زۆر لە کوردەکانی باشووری کوردستان و بەشێک لە کوردەکانی باکووری کوردستان، پشتیوانی خۆیان بۆ حیزبی دێموکرات لە دامەزرانی کۆماری کوردستاندا دەربڕی و لەو ڕێباز و ڕەوتە نوێیەی خەباتی نەتەوەیی گەلی کورد بە گەرمی پێشوازیان کرد. کۆماری کوردستان وەک دەسکەوتێکی نەتەوەیی حیزبی دێموکرات دێتە هەژمار کە توانی دەوڵەتی کوردستان ڕابگەیەنێت و نزیک بە ساڵێکیش تەمەن بکات، تێکڕای خەڵکی کورد بە پیرۆزی دەزانن و لە مێژووی پڕسەروەری گەلی کورددا بەبایەخەوە لە ڕۆڵی ڕێبەران و دامەزرێنەرانی ئەو کۆمارە دەڕوانن و تایبەتمەندی و خەسڵەتە دیارەکانی ئەو کۆمارە و ڕێبەرانی کە هەمان خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی حیزبی دێموکراتیش بوون ئەوکات، بۆتە هەوێنی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەییان و ئیلهامدەری بیری سەربەخۆییخوازیی هەموو کوردێک و هاوکات سیمبۆلێکە بۆ شکۆی ناسنامەی کوردی.

پێویستە ئەو ڕاستییەش بڵێین کە لە درێژەی تەمەنی حیزبەکەماندا زۆر کەند و لەمپەڕ هاتوونەتە پێش کە هیچکات نەیتوانیوە لەو پەیامە مێژووییەی کە نەسڵی یەکەمی حیزبی دێموکرات هەڵیگرتووە، دوورمان بکاتەوە بەڵکوو لەبەرامبەردا بە پێداگرییەکی لێبڕاوانە و پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەسەر ویست و داوا نەتەوەیی و ئینسانییەکانمان مکوڕ بووینە و لەهەمبەر دۆست و دوژمندا سیاسەتی ڕاست و واقعبینانە و نیشتمانییانەمان گرتۆتە پێش کە ڕێبەرایەتی حیزبەکەمان لە ئاکامی کۆدەنگی و لەبەرچاوگرتنی بۆچوونی ڕێکخستنەکانی حیزب پێی گەیشتووە. بۆیە نموونەی وەها حیزبێک بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان ئاشنایە و سەرجەم بزووتنەوە سیاسی-نەتەوەییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە ئەزموون و کاتێکەرییە فکرییەکانی حیزبی دێموکرات بەهرەمەند بوونە.

### لە ماوەی ٧٥ ساڵ خەباتی حیزبی دێموکراتدا چەندین حیزب لە ئێران و کوردستان هەبوون کە بانگەشەی ئازادیخوازیان دەکرد و تەنانەت هەندێکیان پێگەی بەهێزیان هەبوو؛ چۆنە کە ئێستا بوونیان نەماوە و چۆنە کە حیزبی دێموکرات سەرەڕای ئەو هەموو پیلان و هێرشی دڕندانەی دوژمنان لە بەراورد لەگەڵ ئەو حیزبانە هەروا لە خەبات و تێکۆشانێکی پێداگر بەردەوامە؟


بەڵێ زۆر هەبوون و ئێستاش حیزبی لەو شێوە هەیە کە بانگەشەی ئازادیخوازی و تەنانەت سەربەخۆییخوازیش دەکەن بەڵام لە ناوەڕۆکدا خاوەنی بڕیاردانی سەربەخۆی خۆیان نین یان پێگەی جەماوەریان نییە. بەر لەهەر شت حیزبی دێموکرات بەر لە نەتەوەخوازییەکەی باوەڕمەند بە ئازادی و دابینبوونی مافەکانی مرۆڤە و دێموکراسی وەک بنەمای سەرەکی بۆ کاری ڕێکخراوەیی و دەسەڵاتداری و تەنانەت دەوڵەتداریش دیاری کردووە. ئەو باوەڕمەندییە ڕیشەیەکی حقوقی و ئەخلاقی هەیە کە حیزب پێڕەوی لێدەکات. بەو مانایە کە حیزب وەک چۆن مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد بە ڕەوا دەزانێ بەهەمان شێوەش بۆ گەلانی دیکە و کەمایەتییە نەتەوەییەکانی دیکەش ئەو مافە بە ڕەوا دەزانێ و بەهەموو شێوەیەک ڕەگەزپەرستی و دیکتاتۆری ڕەت کردۆتەوە. بەرهەمی ئەو شێوە بیرکردنەوە دەیهەوێ هۆشیاری تاک لەسەر مافە ئینسانی، مەدەنی و سیاسییەکانی بەرادەیەک بباتە سەرەوە کە پێشگیری بکات لە سەرهەڵدانی هەر چەشنە جیاوازیدانانێکی نەتەوەیی، ئایینی، مەزهەبی و ڕەگەزی. حیزبی دێموکرات لە سەرەتاوە پابەند بە چەندین پرەنسیب و پێوەری دێموکراتیک بووە کە ڕەهەندێکی فکری و مەعریفی لە پشت بووە ئەویش دابینبوونی سەرجەم مافە ئینسانی و سیاسییەکانی «تاک»ـە، جا ئەگەر تاک بە تەنها داوای ئەو مافە بکات یان بەشێوەی کۆمەڵ داوای بکەن، ئەوا دەبێ یاسای بنەڕەتی وڵات ئەو مافە دەستەبەر بکات. لێرەدایە کە دەبینین حیزبی دێموکرات نەک لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەڵکوو لە چوارچێوەی جوغرافیای ئیجباری بەناو ئێرانیشدا هەنگاوێک زیاتر لە حیزبەکانی دیکە لە ڕاستای دابینبوونی دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەڵایەتی خەبات دەکات. هاوکات پشتیوان و لایەنگری کەمایەتییە نەتەوەییەکانی دیکەی ناو ئەو جوگرافیایەشە تا بە مافی چارەنووسی خۆیان بگەن. هەربۆیە حیزبی دێموکرات لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا سەربەرز ماوەتەوە و گەلی کورد هەردەم پشتیوانی لە سیاسەت و بەرنامەکانی کردووە و حیزبیش هەر لەو خەڵکە و تواناییەکانی ئەو خەڵکە هێزی مرۆیی و هزری خۆی گەشەپێداوە و لەسەر پێی خۆی ڕاوەستاوە.

### ئایا حیزبی دێموکرات لە ئێستادا لە هاوکێشە سیاسی و نەتەوەیی و ناوچەییەکاندا جێگای خۆی کردووەتەوە؟

بەڵێ بە دڵنیاییەوە. حیزبی دێموکرات لەئاستی ناوخۆییدا هێزێکی جەماوەری و کاریگەری کوردستانە و خاوەن مێژوو و فەلسەفەی خەباتە بۆ قۆناغە جیاوازەکان کە پێیدا تێپەڕیوە. خاوەنی هێزێکی بەرچاوی کۆمەڵگەیە ئەوانیش کادری پێگەیشتووی سیاسی و بەئەزموونن کە هەڵگری پەیام و ئەندێشەکانی سێ ڕێبەری شەهیدی حیزبەکەمان پێشەوا قازی محەممەد و دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندین. بەپێی هەلومەرجێکی نالەبار و ئاڵۆز بەتایبەتی کە کوردستانی باشوور و دەسکەوتەکەی (حکومەتی هەرێمی کوردستان) ڕووبەڕووی بۆتەوە، لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکەدا حیزبی دێموکرات ئەگەر ئێستاش بەهەندێک هۆکار نەیهەوێت یان بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد بە گشتی وا نەخوازێت، ڕۆڵی سەرەکی تێدا ببینێ بێگومان یەکێک لەو فاکتەرانەیە کە هەمیشە لەبەرچاو گیراوە. حیزبی دێموکرات هەم لە ناوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات تەشکیلاتێکی بەرینی بەبیروباوەڕی هەیە، هەم لە دەرەوەی وڵات (وڵاتانی ئۆرووپایی و ئامریکا) خاوەنی سەرمایەیەکی مرۆییە کە بە بیری سەردەم و زانست پەروەردە بووە و خۆی پێگەیاندووە، هاوکات هێزی پێشمەرگەی کوردستان و قۆناغی نوێی خەباتمان لەژێر ناوی «ڕاسان»دا لە مەتەرێزی خۆڕاگری و بەرگریدا درێژە بە تێکۆشانی ڕێکخراوەیی حیزبەکەمان دەدەین. هەموو ئەوانەش دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە هێزێکی زیندووی خاوەن ڕێباز لە گۆڕەپاندایە و وەک هێزێکی سیاسی-نیشتمانی خاوەن پێگە و بڕوای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە و دۆست و هاوپەیمانیشی نەک لەنێو حیزبەکانی کوردستانیدا بەڵکوو لەنێو پارت و ڕێکخراوە نێونەتەوەیی و جیهانییەکانیشدا هەیە و لە زۆر کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتی بانگهێشت دەکرێ و پرس و ڕاوێژی لەگەڵ دەکرێ و لە زۆر ناوەندی سیاسی-جیهانیشدا هەوڵی داوە کە دەنگی حەقخوازانەی گەلی کورد بگەیەنێت و پشتیوان بۆ دۆزی ڕەوای گەلی کورد پەیدا بکات؛ بۆیە دەتوانین بڵێین کە بەڵێ بە دڵنیاییەوە حیزبی دێموکرات لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکەدا کاریگەری و ڕۆڵی خۆی هەیە و زۆر شوێندانەریشە..



# کورتەیەک لە ژیاننامەی مەلا ئاوارە



مەلا «ئاوارە»ی شۆڕشگێڕ و دۆست و پشتیوانی ڕاستەقینەی زەحمەتکێشان، ناوی «ئەحمەد» کوڕی مەلا «حەمەدەمینی هەمەوەندی»یە، لە گوندی شەڵماش سەر بە شارستانی سەردەشت و لە ڕۆژهەڵاتی شاری سەردەشت لە کوردستانی ئێران، لەژێر سێبەری لەوتکەی هۆملی سەربەرز و لە ساڵی ۱۳۱۳ دا چاوی بە دنیای ڕووناک هەڵێناوە.

مەلا ئاوارە لە منداڵییەوە لای باوکی کە پیاوێکی خوێندەوار و زانا بووە، دەخوێنێت و پاشان بە شوێن بەرفراوانیی زانیاریی زیاتر دەست دەکات بە گەڕان بە نێو حوجرە و مزگەوتەکانی کوردستاندا، ئەو گەڕان و گەڕیدەییە، مەلا ئاوارە دەباتە قۆناخێکی نوێ. مەلا «ئاوارە» لە سەردەمی گەڕان بە شار و دێهاتەکانی کوردستاندا، زۆر لەوە زیاتر چاو و گوێی دەکرێتەوە. هەر ئەوەش هانی دەدات و هەست و بیر و توانای دەخاتە گەڕ و دەکەوێتە هاندانی خەڵک بۆ دەرچوون لە دەستی تەنگی و نەداریی ژیانی تووڵەمەرگی، هەر خۆشی وەک پێشەنگ و خەمخۆرێکی ڕەسەن و تێگەیشتوو و شۆڕشگێڕێکی ماندوونەناس، بۆ ڕزگاریی گەلی کورد ڕێگای شۆڕش و بەرەنگاربوونەوە دەگرێتە بەر.

مەلا «ئاوارە» کەسێکی خۆشەویست و بەهەڵوێست بووە و لای خەڵکی ناوچەی سەردەشت ناسراو و بەڕێز و جێی متمانە بووە. دوای ئەوەش کە ڕێگای خەبات بۆ ڕزگاریی خەڵکی کورستان هەڵدەبژێرێت، دەچێتە نێو حیزبی دێموکرات و دەبێتە کەسێکی ناودار و کادرێکی تێکۆشەر و زانا و ئازا.

مەلا «ئاوارە» زانا و ئەدیبێکی خۆڕسک و کۆمەڵایەتی بووە و بە زمانێکی سادە بۆ خەڵکی گوندەکان شێعری هۆنیوەتەوە؛ شێعرەکانی لەنێو خەڵکدا دەنگیان داوەتەوە و دەماودەمیان پێکراوە.

مەلا «ئاوارە» لە ساڵی ١٣٤٥ی هەتاویدا ڕوو لە باشووری کوردستان دەکات و پاش چەند مانگ و هەر لەو ساڵەدا لەگەڵ هاوڕێکانی «ئیسماعیل شەریفزادە، سلێمان موعینی و عەبدوڵڵا موعینی و گەلێک تێکۆشەری تر» بەرەو خۆرهەڵاتی کوردستان هەڵدەکشێنەوە بۆ زەبروەشاندن لە هێزەکانی ڕێژیمی پاشایەتی و بەداخەوە لە ساڵی ١٣٤٧دا بە پیلانی داگیرکەران و خۆفرۆشان، مەلا ئاوارە و سێ هاوڕێی تری لە گوندی دیوالانی سەردەشتی سەربەرز بە پلانێک ژەهرخوار دەکرێن و دەسبەسەر دەکرێن.

لە ڕۆژی ٢٠ی بانەمەڕی ١٣٤٧ی هەتاوی، مەلا «ئاوارە»یان لەگەڵ دوو خەباتگێڕی دیکەی دێموکرات (ڕەحمان وەتمان چاوشین و مەلا کەچە) لە شاری سەردەشت تیرباران دەکرێن.

کاتێک کە جەلادەکانی شای خائین و خوێنڕێژ، مەلا «ئاوارە» بۆ گۆڕەپانی تیرباران دەبەن، بە دەنگی بەرز و شۆڕشگێڕانە دەڵێت: «بە کوشتنی من خەباتی ڕزگاریخوازیی نیشتمانپەروەرانی کورد دوایی نایەت».

# دوو نموونە لە شێعرەکانی مەلا ئاوارە

## ئێمە کە بە ناو کۆمەڵی پێشمەرگەی خاکین

ئێمە کە بە ناو کۆمەڵی پێشمەرگەی خاکین
پێشدەست و فیداکاری هەموو کوردێکی چاکین
دەسهەڵگری سەر، ماڵ و کوڕ و باب و داکین
چونکە بە دروستی ڕەگەزی کاوەی پاکین
بۆیە لە شەڕی دوژمنی گەل هێندە بێباکین
لەو کاتەوە خەڵفی قەد و باڵای مە چەقاوە
بە خوێنی شەهیدانی وەتەن ئاوی دراوە
چونکە لە مەمەی کوردییەوە تێر کراوە
هەر بۆتە دلێری و نەبەزی هەرچی خوراوە
بۆیە لە شەڕی دوژمنی گەل هێندە بێباکین
تا ئەورۆ لەبەر تەفرەقە، گەر ماف خوراوین
ئێستاکە هەموو یەک دڵ و یەک زار و تەواوین
بڕوانە بۆ سەر سەنگەری دوژمن چ بەتاوین
چونکە لە بەرەی پاکیزەی ئەییووبی بەناوین
بۆیە لە شەڕی دوژمنی گەل هێندە بێباکین
ئێستاکە چەقیوین وەکی شێر لە مەیدان
دەس هەڵنەگرین مەرجە لە جەنگین و هەوڵدان
تا وەرنەگرین مافی خوراوی گەلی بابان
ئێمەینە بەجێماوی قەدەم خێر و کەریم خان
بۆیە لە شەڕی دوژمنی گەل هێندە بێباکین
سەیری کە، کە ئاوارە بە پێشمەرگە دەنازی
چریکەی دێ، بەبێ ترسی دەڵێ هەروەکی بازی
ڕاوەستە هەتا دەتگەمێ ئەی خوێنمژی قازی
هاتووینە نەبەردی هەموو بێگانە بە سازی
بۆیە لە شەڕی دوژمنی گەل هێندە بێباکین

## کوردم کوردستانم دەوێ

هەدا نادەم ڕۆژ و شەوێ
خۆم بسرەوم دڵ ناسرەوێ
تاکوو هەلم دەس دەکەوێ
دنیا گشتی سەر یەک کەوێ
لێم ببڕن خۆراک و خەوێ
کوردم و کوردستانم دەوێ
هیوای بەرزم قەت نانەوێ
تاکوو قۆناخی سەربەستی
ئەسپی خەباتم ناوەستێ
تا دەرنەچم لە ژێر دەستی
نامەوێ سەرمایەی هەستی
مەرگ، نەک ژینی ژێردەستی
کوردم و کوردستانم دەوێ
هیوای بەرزم قەت نانەوێ
بۆ ئازادی و خودموختاری
بۆ سەربەخۆیی و ڕزگاری
بە سەربەرزی و بەختیاری
بە گیان دەکەم فیداکاری
تا دەبڕم کلکی زۆرداری
کوردم و کوردستانم دەوێ
هیوای بەرزم قەت نانەوێ
کلکی زۆردار دەقرتێنم
قەڵای سەختی دەڕووخێنم
بەردی بناخەی دەردێنم
وەک دێلەسەگ دەیتۆپێنم
کە نەشتۆپا دەیرەتێنم
کوردم و کوردستانم دەوێ
هیوای بەرزم قەت نانەوێ
دەیرەتێنم تا کێوی قاف
جیهانی پێ دەکەم تەواف
بەبێ گاڵتە و لاف و گەزاف
شەرتە نەکەم وەعدە خیلاف
یا بمرم یا بستێنم ماف
کوردم و کوردستانم دەوێ
هیوای بەرزم قەت نانەوێ
دەستێنمەوە مافی خوراو
بۆ نیشتمانی بەش کراو
هەزاران دایکی زگ سووتاو
هەزاران لاوی سەربڕاو
دەژیەنمەوە وەک گوڵ بە ئاو
کوردم و کوردستانم دەوێ
هیوای بەرزم قەت نانەوێ
من ناهێڵم نەسڵی بەدکار
وەک هەڵۆ لێی دەکەومە کار
بچێتە ئاسمان نایکەم قوتار
لە ژێر زەوی بۆی دەچمە خوار
لێی ناهێڵم یەک جووقەوار
کوردم و کوردستانم دەوێ
هیوای بەرزم قەت نانەوێ
جووقەواری لێ ناهێڵم
وڵاتی پێ بەجێ دێڵم
خاکی خۆم بۆ خۆم دەکێڵم
سوودی بزن و مەڕ و چێڵم
چیدی نایدەم بە فڕ و فێڵم
کوردم و کوردستانم دەوێ
هیوای بەرزم قەت نانەوێ
تا کەی خەزێنە و نەوتەکەم
بە بووکۆڵە و فیتفیتە دەم؟
خەڵک شاد و من دڵ بە خەم
لە سەر گەنجی وڵاتەکەم
خاکی خۆشم ئاوارەکەم
کوردم و کوردستانم دەوێ
هیوای بەرزم قەت نانەوێ

KURDISTAN

رۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan • No : 779 • 5 August 2020

# پیرۆزبایی بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ

## بەبۆنەی ٧٥ەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات چەندین کەسایەتی و لایەنی سیاسی پەیامی پیرۆزباییان ئاراستەی حیزبی دێموکرات کرد:

### یەکێتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان

بۆ بەڕێزان لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
بابەت/ پیرۆزبایی
سڵاوی سەرخۆبوون و ئازادی ...
بەبۆنەی ٧٥ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی حیزبەکەتان (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) بەناوی خۆمان و تەواوی ئەندام و لایەنگرانی یەکێتیمانYNDK ، ڕازاوەترین پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەین و خوازیارین ساڵیادی دامەزراندنی ئەمساڵتان هاندەرێ بێت بۆ زیاتر پێشەڤچوونی پارتەکەتان.
بەڕێزان! حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک حیزبی دایک لە گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ماوەی تەمەنی خەباتی، وەک لایەنێکی سیاسیی کوردستانیی کاریگەر و ڕێبەر توانیویەتی کەسانی نیشتمانپەروەر و وڵاتپارێز لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و ڕێبەرایەتیی شۆڕشەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکات و چەندین سەرکردە و شەهیدی لەم پێناوەدا کردووەتە قوربانی و چەندین دەستکەوتی نیشتمانی و نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەست بهێنێت، ئەوەی لەم قۆناغەی ئەمڕۆشمان گرینگە، یەکڕیزی و تەبایی سەرجەم هێز و لایەنەکانی کوردستانە بۆ بەدیهێنانی تەواوی مافەکانی گەلی کوردستان، لەم بۆنەیەتاندا جارێکی تر جەخت دەکەینەوە سەر زیاتر توندوتۆڵکردنی پەیوەندیی برایانەی نێوانمان .
هەر سەرکەوتوو بن لەگەڵ ڕێزماندا
مەکتەبی سیاسی
یەکێتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان YNDK
١٥ی ژووئیەی ٢٠٢٠ی زایینی

..........

### پەیامی پیرۆزبایی حیزبی دێموکراتی «بێت نەهرێن»:

بەڕێز: دەزگای پێوەندییە گشتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
ب: بروسکەی پیرۆزبایی
سڵاوێکی دۆستانەی گەرم...
بەبۆنەی ٧٥ـەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبە تیکۆشەرەکەتان، بە ناوی مەکتەبی سیاسیی حیزبەکەمان حیزبی دێموکراتی بێت نەهرێنەوە گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و گشت ئەندام و لایەنگرانتان دەکەین، بە هیوای سەرکەوتنی بەردەوام و وەدیهاتنی گشت مافەکانتان لە سەرانسەری ئێراندا.
بەڕێزان: هەر بەم بۆنە شکۆمەندەیەوە پشتگیریی تەواو لە خەبات و تیکۆشانی حیزبە تێکۆشەرەکەتان دەکەین لە پێناو وەدیهێنانی گشت ماف و داخوازیی گەلەکەتان و سەرجەم گەلانی ئێران و خەباتی ئێوە خەباتێکی مرۆڤانە و ڕەوایە دژی زوڵم و ستمکاری و بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانتان.
لە کۆتاییدا جارێکی تر پیرۆزباییمان قەبووڵ بفەرموون و جەخت لە پەیوەندیی هەر دوو گەلی ئاشووری و کورد و سەرجەم گەلانی ئێران دەکەینەوە بۆ گرینگیدان بە بەها مرۆییەکان و پێکەوە ژیانی سیاسی و نەتەوەیی.
لەگەڵ سڵاو و ڕێزمان.
حیزبی دێموکراتی «بێت نەهرێن»
١١ی ژووئییەی ٢٠٢٠ی زایینی

..........

### پیرۆزبایی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان

بۆ/ دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێز
سڵاوێکی گەرم...
بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٧٥ ساڵ لە خەبات و تێکۆشانی خەڵکی تێکۆشەر و نیشتمانپەروەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە ڕێزەوە لە ئاست ئەم بزاوتە نیشتمانی و نەتەوەییە ڕادەوەستین و دەینرخێنین و سەری خۆمان لە بەرامبەر بە تەواوی قوربانییەکانی ڕۆڵە قارەمانەکانی گەلەکەمان دادەنوێنین کە بە درێژایی ئەم مێژووە پڕ لە گیانفیدایییە لەپێناو مافە ڕەواکانی خەڵکی ستەمدیدەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخشیویانە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساتەوەختێکی مێژوویی و پڕ لە شانازیدا و لە سایەی کۆماری کوردستاندا دامەزرا کە بۆ ئەو کاتە دەستکەوتێکی گرنگ بوو بۆ ڕێکخستنی چین و توێژەکانی کۆمەڵانی خەڵک و خڕکردنەوەیان لە چوارچێوەی حیزبێکی پێشکەوتووخوازی پێشڕەودا، لە هەمان کاتدا ئومێد و چرایەکی پڕشنگداریش بوو بۆ تەواوی پارچەکانی تر بەتایبەتیش بۆ باشووری کوردستان.
هەرچەندە کۆمارە ساواکە بەزوویی لەناو برا، بەڵام ئاوات و ئامانجەکەی لە ڕێگای پارتە پێشڕەوەکەتانەوە بەردەوامیی پێدرا و کاروانی پڕ لە سەروەری و پاراستنی شوناسی گەل و داکۆکیکردن لە خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان و بەگژداچوونەوەی داگیرکاری و دوژمنکاری درێژەی کێشا. کورد وەک گەلێکی داگیرکراو و بێبەشکراو لە مافە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانی بەردەوام لەلایەن داگیرکەرانی تورک و فارس وعەرەبەوە کە لە لووتکەی دەسەڵات بوونە هەوڵی لەناوبردنی دراوە و خواستراوە لە بۆتەی شۆڤێنی ئەواندا بتوێنرێتەوە، هێندەی پێیان کراوە سیاسەتی پاکتاوکردن و کۆمەڵکوژییان لەسەر کورد ئەنجام داوە، هەر کە بارودۆخەکە گۆڕاوە و جێ پێیان لەق بووە، هەوڵیان داوە بزووتنەوەی کوردایەتی بە بەڵێنی بێ کردار و کوشتنی کات هەڵبخەڵەتێنن. مێژووی ٧٥ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژهەڵات و پارتی دێموکراتی کوردستان لە باشوور لێوان لێوە لە هەوراز و نشێو لە دیالۆگ و گفتوگۆ، پێویستە ئەم ئەزموونە قووڵ و زەنگینە پەزمەندە بکرێت و بە شێوەیەکی حەکیمانە و بە سەلیقەیەکی وردەوە بخرێتە خزمەت دۆزی ڕەوای گەلەکەمان لە هەر چوار پارچەی کوردستان.
پێمان وایە خەباتی چەکداری ئامرازێکی ناچارییە و بۆ خۆپارێزی و داکۆکیکردن لە مانەوە کورد و بزاڤە ڕزگاریخوازەکەی پەنای بۆ بردووە، دەبێ داگیرکەرانی کوردستان لەوە تێبگەن کە ناتوانن گەلی کورد و نیشتمانەکەی بە هێز و بە زەبر و توندوتیژی لەناو بەرن و هەر هیچ نەبێ مێژووی نزیکی ئەم سەد ساڵەی ڕابردوو وەک ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر بهێننە بەرچاو.
بۆیە دەوڵەتەکانی ناوچەکە دەبێ لەم حەقیقەت و واقعە مێژووییە تێبگەن، ئەگەر بیانهەوێت گەلانی ناوچەکە و دەوڵەتەکانیان ئارام و سەقامگیر بێت، پێویستە دان بە مافی خەڵکی کوردستاندا بنێن و کۆتایی بە سیاسەتی داگیرکەری و قڕکردن بهێنن، زەمینەی ئاشتی و پێکەوە ژیان و خۆگونجاندن لە ڕێگای دێموکراسی و یەکتر قەبووڵکردن بهێننە ئاراوە.
ئێمە لە پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستانەوە وێڕای پیرۆزبایی گەرممان بۆ یادی دامەزراندنی ٧٥ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خوازیارین ئەم بۆنەیە بکرێتە هاندەرێک بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و کۆسپ و تەگەرانەی کە هاتوونەتە پێش و ڕێگرن لە زیاتر بەرەو ڕێکخستن و یەکگرتنی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
ئومێدەوارین هەماهەنگی و هاوکاری و کاری هاوبەش لە چوارچێوەی ستراتیژییەکی هاوبەشدا لە نێوان حیزب و لایەنەکانی ڕۆژهەڵات زیاتر بەرەو پێش بچێت و هەر کار و ئەرکێکیش بە ئێمە بکرێت بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوانمان، بێگومان درێغیی لێناکەین.
هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بن
لەگەڵ ڕێزماندا
پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان
مەکتەبی سیاسی
١٢ی ژووئیەی ٢٠٢٠

..........

### پەیامی پیرۆزبایی دوکتور «ڕزگار ڕەنجەڕۆ»:

لە یادی ٧٥ ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەڵوەستەیەک لەوەتەی چاوم کردووتەوە ئەو گەلە ژێردەستەی ئێمە لەژێر جەور و ستەمدا بووە، هەستی نەتەوەیی لەدایک بووە زیاتر لە ئەنجامی جەور و ستەمی ڕێژیمە ڕەگەزپەرستە یەک لەدوا یەکەکان کە کوردستانیان پێوە لکاوە، دوای شەڕی جیهانیی دووەم زیاتر زەمینەساز بوو کە مرۆڤ ڕاچڵەکێ و زیاتر هۆشیار ببێتەوە لە داواکردنی مافەکانیان لە ئالیەکیتر ئەو سەرهەڵدان و شۆڕشانەی کە لە پارچەکانی تری کوردستان دامرکابوونەوە وەکوو شۆڕشی شێخ مەحموود و شێخ عەبدولسەلام بارزانی هاندەربوون کە تێکۆشەرانی کورد لە باشوورەوە بەشداربن لە دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ.ک.
لەدوای خەباتێکی چڕ ساڵی ١٩٤٥ ئەو کۆمەڵەیە بوو بە هەوێنی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەروەها ساڵی ١٩٤٦ ڕابەرایەتیی کۆماری کوردستان بکات، بێگومان پێشەوا قازی محەمەد (بینایی) هەردەم ڕۆڵی کوردی باشووری بەرز دەنرخاند و بە پشت و پەنای خۆی و کۆماری کوردستانی دەزانی، بەتایبەتی ڕۆڵی بەرچاوی مستەفا بارزانیی نەمر و هەڤاڵەکانی.
ڕووخانی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی پێشەوا قازی و هەڤاڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی دەستەوئەژنۆ نەکرد و گوڕوتینێکی تری بە خەبات دا بۆ بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد، بۆیە لە مێژووی ٧٥ ساڵەی ئەو حیزبە بە دەیان سەرکردەی تێکۆشەر و هەزاران شەهیدی لەم ڕێبازە پڕ شکۆیە دوور و درێژەدا داوە. دوژمن هەموو هەوڵی خۆی تەرخان کردووە تا ئێمە تیکە تیکە بین و تا ڕادەیەکیش لە پیلانە گڵاوەکانیان سەرکەوتوو بوون، ئەمڕۆ لە سەدەی بیست و یەکدا لە سەدەی تەکنەلۆژیا و جیهانگیریدا کاتی ئەوە هاتووە وتەی تێکۆشەرە نەمرەکانمان بەبیر خۆمان بهێنینەوە کە دەیانفەرموو «من تاک و تەنهام من تاقە دەستەم کە پەرتەوازە و تیکە تیکە بم من ئەو دەریایە چۆن وشکەوەکەم» بۆیە دامەزراندن و ڕاگەیاندنی بەرەیەکی فراوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمن هیچ کاتێک درەنگ نییە و پێویستییەکی هەنووکەییە .
وەک کوردێکی نەتەوەیی بۆ هێنانەدیی مافی چارەنووسی گەلەکەم خۆم بە پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکوور و باشوور دەزانم، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ٧٥ ساڵە توانیویەتی بە زیندوویی لە سەرپێ بمێنێتەوە ئەوە دڵنیام ئاسۆی گەلەکەمان ڕوونە، لەو بۆنە پڕ شکۆیەدا وێڕای پیرۆزبایی یوبیلی ئەڵماسیی ئەو حیزبە تێکۆشەرە بە بیر لێژنەی بەڕێوەبردنی ئەو یادە دەهێنمەوە کە چەند جارێک بە دیداری شەهید دکتور قاسملوو گەیشتووم و نووسینەکانی ئەو مرۆڤە پایەبەرزەم خوێندووتەوە و دەزانم جێ پەنجەی چەندە دیارە لەناو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بۆیە کاتی ئەوە هاتووە ئەو مرۆڤە ئاشتیخوازە کە لە گفتوگۆی ئاشتیدا تیرۆر کرا پێویستە کاندید بکرێ بۆ خەڵاتێکی جیهانی لەوانە خەڵاتی نۆبێل، کاندیدکردنی شەهید قاسملوو کەیسی تیرۆرکردنی دووبارە زیندوو دەکاتەوە و داڕێژەری ئەو پیلانە نگریسە بۆ کورد و ڕای گشتیی جیهانی ئاشکرا دەکات و دوور نییە لەم سەدەیەی تەکنەلۆژیادا ئەو کەیسە بەخزمەتی کورد و پرسە ڕەواکەی بشکێتەوە و تاوانبارانیش پەلکێشی دادگا بکرێن و بە سزای خۆیان بگەن.
هەزاران درووود بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان
پیرۆزە یادی ٧٥ ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
هەر شەکاوە بێت ئاڵای کوردستان
هونەرمەند و مامۆستای زانکۆ
پڕۆفیسۆری یاریدەدەر دوکتور ڕزگار ڕەنجەڕۆ
زانکۆی سەلاحەدین
کۆلێژی ئاداب
بەشی ڕاگەیاندن
١٣ی ژووئیەی ٢٠٢٠ی زایینی

..........

### پەیامی پیرۆزبایی دوکتور «نەجمەدین کەریم»

بەڕێزان:
سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات
ئەندام و لایەنگران و دڵسۆزانی حیزبی دێموکرات
پاش سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە.
خۆم بە خۆشحاڵ دەزانم، لە یادی ٧٥ ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەم پەیامە کورتە پێشکەشی بە ئێوەی ئازیز و شۆڕشگێڕ بکەم و تێیدا پیرۆزبایی خۆمتان ئاراستە بکەم بەبۆنەی یادی یوبیلیی زێڕینی حیزبتان.
دیارە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژگارێک هاتە دامەزراندن و کۆڕی خەباتی سیاسی، کە جیهان لە کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانیی دووەم نزیک دەبوویەوە. ئەمەش زەروورەتێکی حەتمی هێنایە ئاراوە کە برایانمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەپێی ئەو قۆناغە نوێیەی ئەو سەردەمە کار بۆ خەباتی میلەتەکەمان بکەن. ئەویش خۆی لە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات بینییەوە.
لە ماوەی کاروانی خەباتی سیاسی و چەکداریشدا، ڕۆڵی حیزبی دێموکرات وەک بەشێکی دانەبڕاو لە خەباتی ئازادیخوازانەی گەلەکەمان ڕۆڵ و بایەخی خۆی هەبووە و دەبێت.
ئێستاش دوای ٧٥ ساڵ لە دامەزراندنی حیزبتان، وێڕای سڵاو و ڕێزی بێپایانم بۆ تەواوی سەرکردایەتی و ئەندامانی حیزبتان. هەر لێرەشەوە پێویستە یادی شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو بەرز بنرخێنم لە تێکۆشانی سیاسیی حیزبی دێموکرات و گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە شەهیدبوونی خەسارەتێکی گەورە لە میلەتەکەمان کەوت.
هاوکات سەری ڕێز و نەوازش بۆ ڕووحی تەواوی شەهیدانی ڕێگای ئازادیی گەلەکەمان دادەنوێنم. جارێکی دیکە یادی دامەزراندی حیزبی دێموکراتتان لێی پیرۆز دەکەم.
دوکتور نەجمەدین کەریم

..........

### بەشێک لە پەیامی «ئەردەشیر ڕەشیدی کەلهوڕ»

«ئەردەشیر ڕەشیدی کەلهوڕ» یەکێک کە موهەندیسەکانی «ناسا»، بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەیامێکی پیرۆزبایی بۆ حیزبی دێموکرات نارد.
«ئەردەشیر ڕەشیدی کەلهوڕ» لە پەیامێکی پیرۆزبایی بەبۆنەی ٧٥ـەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نووسیویەتی: «٧٥ ساڵ لەمەوبەر ڕێبەرانی داهاتووبینی حیزبی دێموکرات لە مەیدانی چوارچرا ڕاوەستان و پشتیوانییان لە ئارمان و ئامانجە دێموکراتیکەکانی حیزبی دێموکرات کرد».
لەو پەیامەدا هاتووە: «خەڵکی کوردستان مافی خۆیانە خاوەنداری وڵات، نەتەوە، مێژوو و فەرهەنگی خۆیان بن. ئێمە وەک نەتەوەی کورد مافی خۆمانە خودموختاریمان هەبێت، ئێمە دەتوانین ئارمانەکانی خۆمان لەسەر ئوسوولە دێموکراتیکەکان کە حیزبی دێموکرات لەسەری دامەزراوە بپارێزین».
لە بەشێکی دیکەی ئە پەیامەدا هاتووە: «ئێمە بە هەموو ئەو کەسانەی کە لە ماوەی ٧٥ ساڵدا گیانی خۆیان لە ڕێگای ئازادیدا بەخت کردووە و هەموو ئەو کەسانەی کە هەوڵیان داوە و فیداکارییان کردووە، قەرزدارین.

..........

### پەیامی یەکیەتیی دێموکراتی کوردستان

بەڕێزان، ئەندامانی سەرکردایەتی و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەک یەکیەتیی دێموکراتی کوردستان، ٧٥ـەمین ساڵڤەگەڕی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانتان لێ پیرۆز دەکەین.
حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەو شانازییەی پێ بەخشراوە کە وەک یەکەمین حیزبی سیاسیی هاوچەرخ لە کوردستانی ئێراندا پێ بنێتە گۆڕەپانی خەباتی ڕزگاریخوازی و دێموکراسیخوازی و مافخوازیی گەلەکەمان لە کوردستانی ئێران.
مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شاهیدیی ئەوە دەدات کە بۆ بەدەستهێنانی مافی گەلی کورد لە ئێراندا، هەتا چەندە قوربانیی داوە و هاوکات دامەزراندنی کۆماری کوردستان وەک یەکەمین ئەزموونی سیاسیی مۆدێرن لە مێژووی هاوچەرخی کورددا، شانازییەکی تری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.
دیارە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی ڕێژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، هەست بە مەترسیی دەسەڵاتدارییەتیی ئەو ڕێژیمە دەکات و بوێرانە و ئازایانە بەرهەڵستی ئەو دەسەڵاتە دەبێتەوە و ئەنجامی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی ڕەوایەتیی خەبات و تێکۆشان و هەڵویستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتیی شەهید دوکتور قاسملوو نیشان دەدات و کۆڵنەدان بە سەپاندنی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی شانازییە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.
جێگای خۆیەتی لێرەوە ئەو داواکارییە دووبارە بکرێتەوە بە لە بەرچاوگرتنی پێگەی مێژوویی و سیاسی و هەروەها کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئێران، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ هاوڕێیانی حیزبی دێموکراتی کوردستان یەک بگرنەوە و بەهێزتر لە جاران لەم قۆناغە گرینگەی خەباتدا و لەم دۆخە هەستیارەی کوردستان و ئێران و ناوچەکەدا قورسایی بۆ خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بگێڕنەوە.
لە کۆتاییدا، بەڕێزان ئەندامانی سەرکردایەتی و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەک یەکیەتیی دێموکراتی کوردستان، ٢٥ی گەلاوێژ و ٧٥ـەمین ساڵڤەگەڕی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانتان لێ پیرۆز دەکەین و جێگای خۆیەتی کە لەم ڕۆژەدا سەری ڕێز و وەفا بۆ شەهیدانی کورد و کوردستان، تایبەتی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دابنوێنین.
وێڕای پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە، هیواخوازین کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەهێزتر و یەکگرتووتر لە هەموو کات لە گۆڕەپانی سیاسی و خەباتی ئازادیخوازی و مافخوازیی نەتەوەکەمان لە کوردستانی ئێران، ئامادەیی و بوونی هەبێ.
هیوای سەرکەوتن و بەردەوامبوونتان لە خەباتدا بۆ دەخوازین.
بژی کورد و بژی کوردستان
٢٦ی ژووئیەی ٢٠٢٠ی زایینی